# پەیامێک

# بۆ

## بۆ بێداربوونەوەی خوشکانی بێ ئاگا

ئامادەکردن و نووسینی

صلاّح فائق مەردان

چاپی یەکەم

1428 کۆچی                    2007 زاینی

# پێناسەی پەرتووک

ناوی پەرتووك: پەیامێك بۆ بێداربوونەوەی خوشكانی بێ ئاگا.

ناوی نوسەر: ئەندازیار/صلاح فائق مەردان

ژمارەی سپاردن: (1053)ی ساڵی (2007)وەزارەتی ڕۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستانی پێدراوە.

نۆرەو ساڵی چاپ: یەكەم (1428)ك (2007)ز.

بنكەی بلاّوكردنەوە: كتێبخانەی (یاوەران) سلێمانی.

چاپخانە:(شارستان)سلێمانی.

تایپ : محمد عبدالكریم

نەخشەسازی بەرگ:چاپخانەی جیهان

تیراژ: (500).

چاپ: چاپی یەكەم.

مافی چاپ: پارێزراوە بۆ نووسەر

# خطبة الحاجة

إن الحمد لله، نحمده، ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، ومن سيئات أعمالنا، من يهد الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له. وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾ النساء: ١.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا﴾ الأحزاب: ٧١

***أما بعد :***

فإن خير الحديث كتاب الله، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة،وكل ضلالة في النار .

## پێشەكی:

سوپاس‌و ستایش بۆخوای گەورەو میهرەبان لەوەی كەیارمەت دام بۆ نوسینی ئەم نامیلكەیە بەئومێدم پڕسودو بایەخداربیٚ بۆخوشكانی بەڕێزمان وەدیاریەكیش بێت بۆپەرتووكخانەی كوردی ودەوڵەمەندكردنی, پاشان هەوڵێكیش بێت بۆهۆشیاركردنەوەو ئاگاداركردنەوەی كچان وئافرەتانی بەڕێز لەهەمووئەو هەوڵ وكۆششانەی كە دوژمنانیان خستوونیانەتە گەڕ بۆلەخشتە بردن و سوكایەتی پیٚ كردنیان وەپەیامێكی پڕ لە پەندو ئامۆژگاری‌و یادخستنەوەی گرنگ وباشیش بێت كەوەكو دیاریەك پێشكەشی خوشكە بەڕێزو باوەڕدارەكانم كردوە ئومێدەوارم بەخوێندنەوەشی لەلایەن بەڕێزتانەوە ببێتە هۆی بێداریتان لە بیٚ ئاگایی‌و ڕیٚ هەڵگرتن بەرەو لادان‌و سەر لیٚ شێواوی ڕۆژگاروگەڕانەوە بۆلای خوای گەورەو میهرەبان و هۆكارێكیش بێت بۆدوركەوتنەوەو وازهێنان لە هەموو ئەو كارو گوفتارانەی كە خوشكانمان بەرەو هەڵدێران‌و گومڕایی وبیٚ هیوایی‌و سەرلیٚ شێواوی دەبات, وە ئامۆژگاریەكیش بێت بۆئەو خوشكە سادەوساكارانەم كەبەڕاستی بیٚئاگان لە تۆڕی جاڵجاڵۆكەكانی سەردەم, لە نیاز پیسی و ناڕاستی و درۆزنی ئەو گەنجانەی كە دڵ ودەرونیان نەخۆشەو بیٚ شەرمانە و بیٚ ویژدانانە دەیانەوێت بە دوو سیٚ ووشەی درۆینەی بیٚ مانای ڕازاوەی وەكو خۆشەویستی وئەوینداری وعەشقبازی بەرۆكی خاوێنتان بگرن و لەوێوە هێرش بكە نە سەرگەورەترین

لوتكەی قەلآی ژیانتان كە (شەرەفو شكۆمەندیتانە)و ئەویش داگیر بكەن وخاپوری بكەن بۆیەكجارەكی لە دونیاو دوارۆژدا سەرشۆڕو بێ ریزتان كەن,بە ئەم وشانەو ئەم دیڕانە بێ هۆش كەن و سەرسام ومەستت بكەن وبێ ئاگات بكەن لە(دینت لە دونیات لە ژیانت لە مردنت لە كارەكانت لە بیركردنەوەكانت لە هەو لّەكانت لە هیواكانت لە خۆزگەكانت تەنانەت لە خۆت لە خێزانت لە هاوڕێیانت لە خزمانت لە جیرانەكانت لە هەموو شتێ),هەرماوەیەكیش دوای داگیركردنی لوتكەی قەلآكەت چۆن رەشەبای پایز یاری بە گەلآ هەلّوەریوەكان دەكات ,بەوشێوەیەش یاری بە شكۆمەندی بەرێزتانەوەدەكەن وئێوەش جگە لەوسوكایەتیە قبولّ كردنەو بێرێزی پێوەكردنەتان هیچ چارەیەكی ترتان نیەیە.بۆیە پاش زانینو وەبیرهێنانەوەئەم نوسراوەم وەكو پەیامێكو ئاگاداركردنەوەیەك دەنێرم بۆ هەموو ئەو ئافرەتە بەرێزانەی كە هەلّگری ناسنامەی ژیریو شەرمو رێزنو هێشتا پێ یەكانیان نەخزاوەتە ناو شەرمەزاریەوەو لەخشتە نەبراون ئاگادارتان دەكەمەوە كەوریاو ئاگاداری خۆتان بن لە هەموو ڕووەكانەوە بۆ ئەوەی هەمیشە بە سەربەرزیوسەرفرازی بمێننەوەو لە كێشەو كەموكوڕی بەدووربن ,چونكە بەردەوام چاوی ناحەزان و دوژمنانتان لەسەرە وبەردەوام لەهەولّدان بۆ لەخشتەبردن وسوكایەتی پێكردنتان ودەیانەوێت لەبازاڕی شەیتاندا بەكەم ترین نرخ بتان فرۆشن, وە داواكارم لێتان نوسراوی ناو ئەم نامیلكەیە بەجوانی بخوێننەوەو ناوەڕۆكەكەی بەراودبكەن لەگەلّ ژیانو هەلّسوكەوتو ڕەفتارو گوفتاری خۆتاندا تا ئەگەر خراپن خۆتانی پێ باش بكەن وەئەگەر باشیشن خۆتان باش تر بكەنو هەنگاو بۆ سەربەزی هەلّنێن تالە داهاتوودا خۆش بەختو سەرفرازو هەمیشە كامەران بن وڕۆژگارو كۆمەلّگە بەرەولوتكەی سەركەوتن بەرن ...

نوسین وئامادەكردنی
ئەندازیار:صلآح فائق مەردان
كوردستان/چەمچەمالّ
2007-10-24
Ferdaws_85@yahoo.com

## ڕێنمونی:

بەڕێزەكانم ئەم نامیلكەیەی بەردەستت لەسێ باسی سەرەكی پێكهاتووە كە هەرباسێك بەشێوەیەكی كورتو پوخت داڕێژراوە بۆئەوەی پڕسودو بایەخدارتربێت بۆ بەڕێزتان باسەكانیش ئەمانەن .

**باسی یەكەم:-** (یادخستنەوەیە),لەم باسەدا هەوڵمداوە هەندێ بابەت وهەندێ شتت بهێنمەوە یاد كەگرنگن وپێویست دەكات بهێنرێنەوە یاد لەوانە باسی پلەو پایەی بەڕێزتان لەناو كۆمەڵگەدا و باسی كەسایەتی وسەربەرزیو بوێری بەڕێزتان كراوە كەڕەنگە ئەمانەوكۆمەڵێ شتی تریش هەبێت ئێوە لەیادتان نەمابوبێت,چونكە به ڕاستی ڕۆژگاری ئەمڕۆ كە تێی كەوتوین ڕۆژگارێكە كە كەسی باش خراپو كەسی خراپیش باش دەكات چ جای ئەوەی كە شتت لەبیر بمێنێت.

**باسی دووەم:-** (ڕووداوەكانە) لەم باسەشدا هەندێ ڕووداو وبەسەرهاتی واقعیو ڕاستی باس دەكات كە بەسەر هەندێ لە خوشكانتاندا هاتووە كە ژیانی ئاساییان لێ تێكچوەو سەرگەردانو ماڵوێران ماونەتەوەو ژیانی پاكی خۆیان فرۆشتوەو بێ ئومێدو بێ هیوا بونە لە دنیاو دواڕۆژ وە ئامۆژگاری ئێوە دەكەن بۆ ئەوەی خۆتان بپارێزن لەو خۆفرۆشتنو دۆڕاندنانەی كە هەردەم جێی سەرشۆڕیو دڵ تەنگیو پەشیمانییە كە هەموو چركەیەكی ساڵێكە ,هیوا خوازم تۆش بەوردی ئەوڕوداوانە بخوێنیتەوەو سودو ئامۆژگاری لێ وەربگریو لەژیاندا ڕەنگدانەوەی هەبێت.

**باسی سێیەم:-** (چارەسەرو ئامۆژگارییە) لەم باسەشدا ئامۆژگاری بەرێزتانكراوە بۆسەربەرزیو بەختەوەری یەكجارەكیو چارەسەری زۆرێك لە كێشەكانتان كراوە, هیواخوازم ناوەڕۆكی باسەكان سودو كاریگەریەكی بەتین لەسەر ڕوو ورووخسارو ناوەڕۆكتان دروست بكات بە پشتیوانی خوا.



# باسی یەکەم : یادخستنەوە

بەڕێزەکانم بزانن کەخودای گەورەو میهرەبان مرۆڤەکانی بەدوو ڕەگەزی جیاواز دروست کردوەو هەریەکەیان کۆمەڵێ تایبەت مەندیو سیفاتی جیاوازی پێداون, تابەیەکەوە ژیان بگوزەرێننو بەردەوامی بەکۆمەڵی مرۆڤایەتیو مانەوەیان لەسەر زەوی بدەن, دیارە بەبێ ڕەگەزێکیان ژیان هیچ مانایەکی نابێت, ئەگەر ئەو کارە ببوایە زۆرلەمێژبوو کە ژیانو کۆمەڵی مرۆڤەکان نەدەمانو قڕیان تێ کەوتبوو, بەڵێ بەڕێزەکانم مانەوەی هەردووڕەگەز تاکو ئێستا مانەوەی ژیانە بەبەردەوامی,کەواتە مانەوەی ڕەگەزەکان هەتاکو ئێستا مەزنی ئەو دووڕەگەزە دەردەخات لەکاتێکدا مانەوەی زەویو ئاسمانەکانو ئەستێرەکانو ڕۆژو مانگو لەزەویشدا چیاکانو دەریاکانو دارو دارستانەکانو زیندەوەرانی سەرزەوی پەیوەستن بەمانەوەی هەردووڕەگەزی مرۆڤەکان ئەم ڕاستیانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە مرۆڤەکان گەورەترینو پیرۆزترین دروستکراوی خودان, کەواتە خوشکی بەڕێز بزانە تۆیەکێکیت لە رەگەزەکانو نیوەی ژیانیتو بەڕێزیتو شیاوی ئەو ڕێزەیت کە خوداپێی بەخشیوی لە ژێر ڕۆشنایی ئەم یاساجوانەی خوادا خۆت بەکەمو بێ ڕێزمەزانە چونکە لای خوا گەورەو بەڕێزی, وەبەڕێزەکانم بزانن کە هەریەك لە ڕەگەزەکان لەم دونیایەدا کۆمەڵێ کارو چالاکی لە ئەستۆدایە کە جیاوازن لەیەکتریودەبێت بەجوانترینو چاکترین شێوە بە ئەنجامی بگەیەنن دیارە بۆ ئەم کارەشیان پەروەردگار فرمانی پێ کردوون, کەواتە تۆ بەجێ بەجێ کردنی کارو فرمانە تایبەتەکانی خۆت بەڕێزو سەرکەوتوو سەرفراز دەبیت, بەڵام خۆخەریك کردن بەجێ بەجێ کردنی کارو فرمانەکانی جگە لەخۆت دەروازەیەکە بۆ دۆڕاندنت لەداهاتودا هەم لەکاروبارەکانی خۆتدا هەم لەکاروبارەکانی جگە لەخۆتدا, چونکە ((هەر کەس ڕاوی دوو نێچیربکات لەیەك کاتدا سەرەنجام لەهەردوکی دەبێت)) کەواتەعەقڵو تواناکانی خۆت دەبێت پێش حەزو ئارەزوەکانت بخەیت لەسنوری ڕێ پێدراوی کۆمەڵایەتیو شەرعیدا چونکە کارکردن بە ئەم ڕێسایە دەتگەیەنێت بەئامانج کە هەمووهەوڵەکانی تۆ بۆ ئەومەبەستەیە کە بگەیت بەئامانج, جێ ی خۆیەتی پرسیاربکە بۆ دەڵێن بنەماو یاسا کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتی ئەوانەی بنەمای ئاینی لەپشتیانەوەیە هەمووی جێ ی سودی تۆیە؟ چونکە بنەما ئاینیەکان لەوانەیە لەم سەردەمەدا کەم گرنگی پێ بدرێ بەڵام ئەم بنەمایانە لەلایەن خودایەکەوە فەرمایشت کراوە کەخۆی مرۆڤی دروست کردوەو هەڵبەتە دەزانێ چی لەژیانیدا دەبێتە جێ ی خۆشی یەکەی بۆیە لەکۆنو ئێستاشدا بنەما ئاینیەکان هەموو کات ڕەنگ دانەوەی خۆشبەختیو کامەرانی لەگەڵ ناخۆش ترین ژیان هەموارکردوە, بەڕێزەکەم بنەما ئاینیەکان بەڵێ وادەکات کەکوڕو کچ دووژیانی جیاوازیان هەبێ بۆئەوەی یەکتری نەشێوێنن تائەوکاتەی کەبەیەك دەگەن پاشان تاکی تر دروست دەکەن هاوشێوەی خۆیان پارێزراو, وەئەمەش وادەکات کە کوڕو کچ هەندێ جار ئەگەر جیهانی تێکەڵیان هەبێ لەسنور بەدەر وابکات کەهەر یەکەیان دەیەوێت لەسەر ئەوەی تر خۆی بحەسێنێ بۆنمونە من وادەبینم کە زۆرجار (کوڕان کچان بەگوڵ دەنەخشێنن یان هاوشێوە دەکەن),بەڵام تائێستا میکانیزمێکی لاشعوری لەم هاوشێوە کردنە هەیەو هەستی

پێ نەكراوە ئەویش ڕاستە((گوڵە لای ئەو)), بەلاَم بێ پەروا كوڕان یان كچان یان مرۆڤ چۆن لە گەڵ گوڵدامامەڵە دەكات بەم شێوەیەكەجێ ی پێكەنینو ووتەی (وەلاَ ڕاستە)یە.

ئەویش كاتێ مرۆڤ كە گوڵێكی خۆش دەوێت یان لای زۆر دلگیر دەبێ ئەوا دەست بەجێ ئەو گوڵە دەقرتێنێ یان هەڵی دەپوركێنێ بۆ ئەوەی لەنێو دەستو دەمولوتی خۆی بنێو خۆی پێ بلەنگێنێ بەلاَم لەسەر ئاستی ژیانی ئەو گوڵەڕاستە ئەم خۆی بۆدەرخست یان خۆش بەخت كرد بەلاَم ئەو گوڵە باشتر ووشك دەكاتو پاش ماوەیەك لەنێو دەستیدا جوانە بەلاَم دواتر بێ ویستی خۆی یان كوڕ ئەوا ئەو گوڵە ووش هە ڵدێو دەوەرێو ناوی لە جیهانی گوڵ بۆسەلەی خۆڵ دەڕوات, گرنگ ئەوە نیە ئەو گوڵە وشك دەبێ بەلاَم گرنگ ئەوەیە من لێی دەحەسێم, ئەمە ئەبێ چەندێ بنەمای مرۆی تێدا بێت بەلاَم بنەما ئاینیە كان ئەو دەستانە قەدەغە دەكات كەدەیانەوێت خەڵك وەك گوڵ تەماشابكەن بەڵكو مرۆڤ شایستەی ئەوەیە نەشێوڕێنرێو نەوەرێنرێ بەلاَم كەكاتێ ژیانیان پێكەوە دەبێت لەسەر بنەمای ئاینی,دواڕۆژی ئەو كاتە بەرپرسیارێتیو پاراستنیو ووشك نەبونی دەخاتە ئەستۆی پیاو نەك كوڕ, بۆیە بنەما ئاینیەكان ناهێڵێ گوڵی قرتاو بێت بەڵكو دەیەوێت مرۆڤ بێتو وەك بەرامبەر شایستەی ژیان بێ, بەڵێ بەڕێزەكانم  زۆرجار ڕەگەزی بەرامبەر ئێوە بەگوڵ دەنەخشێنن یان پێناسە دەكەن ناحەقیشیان نیە چونكە ئەگەر بەوردی سەرنجی ژیانی گوڵەكان بدەیت دەبینیت ژیانیان زۆر لەژیانی ئێوە دەچێت زۆر سیفاتیشتان لە یەكتری دەچن, بەڵام ئەگەر وەك یەكو بەیەك شێوە بیرتان كردەوە ئەوا بۆ تۆ لەداهاتودا نەگبەتی سەرگەردانیە چونگە تۆخاوەن عەقڵێتو بڕیارەكان لەدەستی خۆتدایە بەڵام گوڵەكان بڕیارو هەڵوێستەیان لە ئەستۆی  قەدەردایەو پەیوەستیشن بەو بڕیارەوە,كەواتە بزانە گوڵەكان ئەو بەخششە جوانەی پەروەردگارن كەساڵانە لەوەرزی بەهاردا لەدایك دەبنو جوانیو بۆنێكی خۆش بەدیاری پێشكەش دەكەن بەباخچەو پاركو شوێنە گشتیەكان بەشێوەیەك بەبۆن كردنو بینینیان خۆشحاڵدەبینو بەهۆیەوە هەندێ غەمو پەژارەمان بیر دەچێتەوە بینیوتە چەندەجوانن بە چەندەها شێوەو ڕەنگو قەبارە خۆیان پیشانی بینەرانیان دەدەنو خۆشحاڵیان دەكەن ئەگەر بۆتەنها ساتێكیش بێت, هەمیشە گوڵ جوانو خۆشەویست بووە لەنێو دلاَندا ئەویش هەتا دەتوانێ خۆی جوان دەكاتو بۆن خۆش دەكات هەتا مرۆڤەكان خۆشحاڵتر بكات, خوشكی بەڕێز دەزانی چەندێ دڵسۆزە چەندێ خەم خۆرو بەوەفایە بەرامبەر ئێمە, بەڵام مەخابن وەكو ئەوەی گوڵەكان ئێمە نەناسن وەك ئەوەی بێ وەفاییو درۆزنیو ناپاكی مرۆڤەكان نەناسێ, كەدەیان بینی بەو شێوەیە خۆیان جوانو بۆن خۆشو روو خۆشو خۆشەویست دەكەن كەچی ئێمەی سپڵەو بێوەفا هەركەدەیان بینین بەو شێوەیە باوەشیان بۆمان كردۆتەوە یەكسەر دەچینە خزمەتیانو بێ(سلامو كلام) لەبندا دەیان بچڕێنینو هەتا بتوانین سەیرو بۆنیان دەكەینو وێنەی پێوە دەگرینو تائەو كاتەی كە گیانی تێدایەو سیفاتی جوانی تێدایە, دوای ئەوەش گوڵەكان وەفاتیان كرد بەدەستمانەوە هەتا لەدەستماندایە فڕێی دەدەینە بەر پێی ئەو خەڵكەو پێی پێدا دەنێینو بەجێ ی دەهێڵین بەتەنهاو بەبێ نیاز ئافەرین مرۆڤی بەویژدانو خاوەن وەفا بۆئەو كارەی بەردەوام دوبارەی

دەكەیتەوە, بەڵێ پاش كردنەوەی لەداری ژیان پاش ئەوەی ئاوو خۆراكی لێبڕا پاش ئەوەی ڕەنگە جوانو بۆنە خۆشەكەی نەما پاش ئەوەی سیسو لاواز بوو پاش ئەوەی پەڕەكانی هەڵوەری پاش ئەوەی لە دەستە خوشكی گوڵەكانی هاوڕێی جیا بۆیەوە پاش ئەوەی لەشوێنێكی دوور لەهاورێكانی فرێ درا, كەچی تازە بەتازەگوڵی بەسزمان پەشیمان دەبێتەوە لەوەی بۆكێ خۆی جوانو بۆن خۆشو خۆشەویست كرد بەڵام تازە پەشیمانی هیچ سودێكی پیٚ ناگەیەنێو بۆهەتاهەتایە بۆخۆشییەكی كەم كە خۆی بۆجوان كردو بۆن خۆش كرد ناوی لەلیستی گوڵانەوە بۆتەنەكەی زبڵ ڕۆشت, بەڵێ بەڕێزەكانم ئەمە ژیانی كوڵە لەدایك بوون تامردن.....

**خوشكە بەڕێزەكانم** :

دڵنیابن ژیانی گوڵەكان دەقاو دەق وەكو یان نزیك لەژیانی ئێوەیە تۆی بەڕێزو خاوەن شكۆ چەشنی گوڵی بۆكۆمەڵگە چۆن باخچەكان بەبیٚ گوڵەكان هیچ ڕەونەقێكی جوان نابەخشن, بەو شێوەیەش كۆمەڵگە بەبیٚ ئێوەی گوڵ هیچ مانایەك بەژیان نابەخشێت, خوشكە ئازیزەكانم ئێوەی گوڵی كۆمەڵگەی ئێمە سەرچاوەی بەگەڕخستنی تواناكانن, بەردەوامی ژیانن, پادشاو دەسەڵاتداری جیهانن, بەرهەم هێنەری مرۆڤەكانن پێویستی ڕۆژگارن, چارەسەری نەخۆشییەكانن, ئازیزەكانم ئەگەر ئێوە باش بن كۆمەڵگە باش دەبێت گەر خراپ بن كۆمەڵگەش خراپ دەبێت, كەواتە تۆبزوێنەری هەستە شاراوەكانی تۆپاشاو فەرماندەری كۆمەڵگەی ...خۆتان بەكەمو بیٚ ڕێزو بیٚ دەسەڵاتو بیٚ تواناو نەزانو گێلو ژێردەستەو كویلە مەزانن ئێوە نەك نیوەی ژیان بەڵكو هە موو ژیانن دەتوانن خۆتان چاك بكەنو كۆمەڵەگەو مرۆڤایەتیش چاك بكەن.....بەڵام گرنگ ئەوەیە خۆتان هەست بەئەم گەورێیتان دەكەن یان نا .....

تەماشا بكە بەڕێزەكانم بزانن ژیانی گوڵەكان چۆن وەك ژیانی ئێوە وایە من زۆر خاڵی هاوبەش دەبینم لەنێوان ژیانی ئێوەو ژیانی گوڵەكاندا لەوانەش :-

1- من وا تۆدەبینم كە ڕەگەزێكی بەڕێزی خاوەن بەزەیتو دڵسوزیو هێمنو لەسەرخۆیت ئاگاداری حەسودیو ڕقو قینەو شەڕەنگێزی نیت تەماع كارو خیانەت كارو نادادپەروەر نیت بەشێوەیەكی گشتی, هەرئەوەندە پیاوەكەت یان براكەت یان دایكو باوكت پێداویستیەكانی ڕۆژانەیان بۆجیٚ بەجیٚ كردی ئیتر كارت بەسەر هیچەوە نابێت, بەلاٌم هەركاتیٚ گویٚ یان بۆنەگردیو هەواڵیان نەپرسیت دەربارەی ژیانت ئەو كات هەندیٚ كاری نائاساییو هەڵەت لیٚ دەوەشێتەوە مەرجیش نیە بەخواستی خۆت یان حەزی خۆت ڕوبدات, وە جارێكی تریش من وا دەبینم كە تۆ كەسێكی بەوەفایت بەرامبەر چواردەورت, هەموو ئەم سیفەتە جوانو سروشتیانەی كە لەتۆی كچو هەموو ئافرەتێكی بەڕێزداهەیە والەچواردەور دەكات بەتایبەتی

ڕەگەزی نێرینە كە بەبینینتان یان بەناسینتان زۆرێك لەغەم‌و پەژارەكانیان بیر چێتەوە هەر وەكو چۆن گوڵەكانیش بەبینین‌و بۆن كردن‌و جوانی یان غەم‌و پەژارە ناهێڵن‌و ساتێك لە بەختەوەری پێشكەش دەكەن .

2- جارێكی تر من وادەبینم كە تۆی بەڕێز ئەو كاتە بەڕێز تری‌و خاوەن كەسایەتییەكی بەرز تری تا لەماڵ باوكت یان مێردەكەتدا ژیان بگوزەرێنی چونكە سەلامەت‌و بێ وەی دەبی‌و لەتانەو تەشەری خەڵكی‌و ناحەزان‌و چاو پیسان بە دوور دەبی, چونكە ماڵ وەكو قەڵایەكی پۆڵاین كە خۆتی تیا حەشاردەی وەهایە دەتپارێزێت لەهەموو دوژمنێ وەهەتا لەناو ئەو قەڵایەشدا بیت پارێزراوو بێ كێشەو بێ كەم‌و كوڕی دەبیت كەسێكی بەڕێزو خاوەن شكۆو ڕەوشت بەرز دەبیت لە دڵی مێردەكەتدا وەلەدڵی باوك‌و براو خوشك‌و دایك‌و خزم‌و كەس‌و دۆست‌و جیراندا, بەڕێزەكانم دڵنیابن هەتا ماڵی باوكت یان مێردت شوێن‌و لانەی ژیانت بێت هەمیشە بەڕێزو بەنرخی چەشنی خشڵ‌و ئەڵماس‌و ئاڵتون‌و مرواری, بەڵام هەركاتێ ویستت دەرگای قەڵاكەت بكەیتەوە بەنیازی ڕۆشتن بۆجێگەیەك كە(پێویست)نیە بۆی بچیت ئەوا دڵنیا بە دەرگایەكت كردۆتەوەلەسەر خۆت كە بەرەوهەڵدێران‌وسەر لێشێواوی‌و هەڵەی گەورەت دەبات  چونكە دوژمنەكانت لە (جنۆكەومرۆڤ) بەردەوام لەكەمیندان بۆت وە لە پێشبڕكێدان بۆ فریودانت بۆیە بمێنەوە تاكاتی پێویست بۆئەوەی بەردەوام سەربەرز بیت, چونكە گوڵەكانیش تائەو كاتە سەربەرزو سەلامەتن  تا ئەو كاتەی كە  هێشتا چرۆن‌و نەپشكوتن‌و لەناو بەرگی پارێزەردا خۆیان حەشارداوە چونكە كاتێ كەلەناو بەرگەكەدایە نادیارە نە كەس بۆنی دەكات نەسەیری دەكات نە بەجوانییەكەی سەرسامە بەڵام مەرگەساتی ئەمیش كاتێ دەست پێ دەكات كە لە بەرگەكە بێتە دەرو بەشێوەی گوڵ ببینرێ, ئەو كات چەندەها چاو تەماشای دەكەن‌و چەندەها دەستیش لەپێشبڕكێدان بۆكردنەوەیان, ئەوكات هیچ دەسەڵاتی نیە جگە لەتەسیم بوون, بەڵام ئاخۆ دەبێت كاردانەوەی تۆ بۆدوژمنەكانت چۆن بێت؟ لەكاتێكدا دوژمنەكانی تۆ زۆر بەهێزو زۆرزان‌و تۆش بێ هێزو بێ كەسی......

3- بزانە كە گوڵەكان كاتێ جوان‌و بەنرخ‌و بەڕێزو بۆن خۆش‌و خۆشەویستن تائەو كاتەی بەقەدی دارەكانەوە بن‌و خۆیان تەسلیمی دەستی مرۆڤەكان نەكەن, بەڵام هەركاتێ تەسلیمی دەستی مرۆڤە بێوەفاو بێ بەڵێن كان بوون ئەوا لەماوەی كەمتر لە چارەكە كاژێرێ هەموو ژیانی خۆی دەدۆڕێنێ هەرچی سیفاتی چاك‌و باشی هەیە نامێنێ سەرەنجام بۆهەتا هەتایە جارێكی تر نابێتەوە بەو گوڵەی كە پێشتر ئەو بوو وە هاوتاو وێنەی نەبوو لە كاتی خۆیدا,,,

## خوشكانی بەڕێز:

ئێوەی خاوەن هەستو خاوەن شەرمو حەیا تائەو كاتە بە ڕێزن خۆتان تەسلیمی دەستی ناپاكی ژەهرینی كوڕە هەلپەرستو زمان لوسی درۆینەكان نەكەن, چونكە هەرچەند بەڕێزو خاوەن شكۆو خاوەن زانستو ڕەوشت بەرزو بە ئەخلاقو میهرەبانو بە بە زەیی بیت خاوەن شەهادەو پلەو پایەو مەنصەب بیت خاوەنی جوانییەكی بێ وێنەو لاشەیەكی لەنجەو لاربیت, بەڵام كاتێ كە نەتان توانی لە بەرامبەر پلانی ژەهراوی كوڕانی شوێن كەوتەی هەواو ئارەزوو خۆتان ڕابگرن, نەتان توانی خۆتان لە تۆڕی فێڵو تەڵەكەبازیو زمان لوسیو درۆزنیو قسەزانی كوڕانی بەدڕەوشت ڕابگرن, نەتان توانی پارێزگاری لە هەستیار ترینو پیرۆزترین شت كە(شەرەفتانە) بكەن, ئەوە بۆماوەی كەمتر لە چارەكە كاژێرێ لەخۆشی یەكی كەم هەموو ژیانتان هەموو سەربەرزیتان هەموو خواستو هیواكانتان هەموو دونیای پڕجوانیتان دەشێوێو بەدەستی خۆتان دۆزەخێ بۆخۆتان سازدەكەن, كە هەرگیز لە دوای چارەكێ خۆشی شوێنێك نامێنێت كە تۆی دوڕاو تۆی فێڵ لێ كراو تۆی نێچیری دەستی ڕاوكەری فێڵباز تۆی بێ ڕێزكراو تۆی ناشرین كراو تۆیەك كە خاوەنی شكۆبویت تۆیەك پێشتر خاوەن ئەخلاقو خاوەن زانستو خاوەن هیواو خەونی خۆش خاوەن ئو مێدی دایەو بابە, تۆی دڵسۆزی حەزەكانت تۆی گوڵی كۆمەڵگە! لەخۆبگرێت, دەی هاوارو ماڵ وێرانیو دەردەسەریو ژیان لە خۆتێكدان بۆچی بۆخۆت سازدەكەی؟ لەپێناوی چیدا؟ بۆئەوەی زیاتر دڵنیا بیت لەمانە قسە لەگەڵ ئەوانەدا بكە كە بەهۆی شلو شاوییەوە توشی چ دەردە سەرییەك هاتوون یان ئەو ڕووداوانە بخوێنەوە كە بە هۆی هەڵەوە توشی بكەرەكانی هاتوون بۆئەوەی خۆت بپارێزی.

4- خوشكی بەڕێزمان خۆت دەزانی زۆرینەی ئەو نەهامەتیانەی كە دێتە ڕێو سەری ئافرەتان لە لایەن كوڕانەوەیە, بەڵام هەموو كات زاڵ بوونیو سەركەوتنی ئەوو تێكشكاندنی تۆ لە بەردەمیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەرگاواڵاكردنەی كە خۆت بەڕووی كوڕاندا دەیانخەیتە سەر پشتو دواتریش دەبێتە ئەو گورگە كەڵپەی لە خۆشییەكانی ژیانتان توند دەكاتو(بە لموزی سوری لێوی بەبار) بۆكچان دروست دەكەن بۆیە دەبێ كچان ئەوە بزانن كە سەنگینی مایەی خۆش بەختیانە, وەهیچ كاتێ سەنگینی كچان لای كوڕان لە خۆسوك كردندا نی یە بە لكو لە خۆبە گران كردنو بێ منەت بوونی كچانە لە كوڕان لە بەر ئەوە ئاگادار بە خوشكی بە ڕێز بە دەستی خۆت ئاگر لە خەرمانی خۆشو كامەرانی ژیانت بەرمەدە .

## 5- كچانی بەڕێز:-

سیفەتێكی تری گوڵەكان ئەوەیە كە هیچ كۆمەڵێكیان پەندو ئامۆژگاری لەوانی پێش خۆیان وەرناگرن, بە بەردەوامی دەستی چەپەڵو پیسی ژەهراوی هەڵیان دەوەرێننو تێر تێر بۆنی دەكەن تا ئەو كاتەی سیس دەبێتو ئەو كات فڕێ ی دەدەنە بەرپێ ی ئەو خەڵكە, سەیرە تۆزێك لەوەو پێش ئەو گوڵە چەند جوانو بۆن خۆشو نازدارو گەشاوە بوو, كەچی ئێستا سیسو لاوازو بێ نرخە ! !

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو گوڵەكانی تر دەزانن سە رئەنجامی هەموویان هەریەكە, كەچی ناتوانن خۆیان بپارێزن لە دەستی چەپەڵی ژەهرینی ناحەزان, بەڕاستی چیرۆكو بەسەرهاتی گوڵەكان هاوشێوەی تۆی ئافرەتە لەناو كۆمەڵگاكەت كۆمەڵگە ئەو دارەیە كە تۆی گوڵی هەڵگرتوە بەڕاستی داری كۆمەڵگە بە گوڵە باخی تۆوە جوانە, ئەوەش بزانە ئەو كەسانەی كە بێ بەزەییانە هەوڵی هەڵوەرانت دەدەن, ئەوەندە كاریان بەتۆیە تا لەداری كۆمەڵگەت دەكەنەوە دوای لێ كردنەوەشت تێربۆنت دەكەنو لەناوت دەبەن یان دەهێڵن سیس هەڵگەڕیی تاوەكو بەرنەفرەتی كۆمەڵگە بكەوی, ئەو كات تۆڵە دەست دەردەچیتو كاریان بە تۆنامێنێ لەدوای تۆش پەنادەبەنە بەر وەراندنی گوڵێكی تر لە دەستە گوڵی خوشكانت بۆئەوەی بەرەو ئەو هەڵدێرەی بەرن كە تۆیان بۆڕەوانە كرد ! ! بۆیە ئازیزەكانم هەوڵدانت بۆمانەوە بەقەد داری كۆمەڵگاوە بەساغی هێندەی تر جوات دەكات, هەرئەوەشە بەدورت دەگرێ لەو دەستە خوێناویو شەهوەت بازانە كە دەیانەوێت هەڵتوەرێنن, تۆش سەرەتای گەشبوونەوەت چەشنی گوڵە باخە, هەردەستەو دەیەوێت دەست پێشخەری بكات بۆهەڵبچڕانو بۆنكردنت, بەردەوامو بێ شومار چاوی شەهوەت بازانت دەكەوێتە سەر ئاگادار بە هەرئەوەندە دەستییان كەوتیت تاكاتی تێربوونی ئارەزووەكانیان بۆنت دەكەنو دەڵێن (هەرتۆشك دەبەم) كەكاریشی پێت نەماو ئارەزووە سەرشێتەكانی تێربوون بەچەشنێ فرێت دەدات وەك ئەوەی هەرنەیناسیبێتی .

6- خوشكی بەڕێز وەك پێت ڕاگەیەنرا ژیانی گوڵەكان چەشنی ژیانی تۆیە گوڵەكان كاتێ سەلامەتن تا ئەو كاتەی كە بە دارەكەوە پەیوەستن, بەهەمان شێوەش كاتێ تۆ سەلامەت دەبیت كە وابەستە بیت بە ئاینەكەتو عورفو عادەتە باشەكانی كۆمەڵگەكەت, تەنها جیاوازی یەك كە لەنێوان تۆو گوڵدا هەیە ئەوەیە كە گوڵ كاتێ پایز هەڵیدەوەرێنێ یان كەسێ لێی دەكاتەوە بڕیاری قەدەرو خواستی كەسەكەیە دەبێ دارەكەش قایل بێت بەو خواستو قەدەرەی كە هاتۆتە ڕێی ! ! بەڵام هەڵوەرینی تۆی كچ یان سیس بونت دەستی خۆتی تێدایە چونكە من وادەبینم كە تۆی بەڕێز زۆر جار لەگەڵ غەمەكانت هاودەم دەبیتو خۆت توشی جۆرێك لەبیركردنەوە دەكەیت كە دەتباتە دونیایەكی ئەفسوناویو بیرێكی قوڵەوەو هەرچی حەزو خۆزگەت هەیە دەیهێنیتە دیو ژیانیكی بەواتا خۆش بۆخۆت سازدەكەی بێ بەرنامە بێ پلان بێ بیركردنەوە بێ پرسیاركردن دەست بە جێ بەجێ كردنی كارەكانت دەكەی بەڵام كاتێ بەئاگا دێ ی دەبینی كۆتایی كارەكەت لەداهاتوودا هیچ بەرهەمێكی نەبووە جگە لەوەی كە **(ئەو كۆمەڵگەیەی تادوێنێ مەدحی دەكردی ئەمڕۆ سەرزەنشتت دەكات)**, خوشكی سادەو ساكارم ڕاستە یەكەم هەنگاو كوڕ دەیهاوێ بەڵام گەر ڕەزامەندی تۆی لەسەر نەبێت ئەو هەر لەیەكەم هەنگاوێوە بێ ئومێد دەبێت بەبێ ئەنجام ملی ئەو ڕێگەیە دەگرێتە بەر كەلێوەی هاتوە بەڵام كارەسات ئەو كاتە دەخولقێ كە بەڕێزت دەرگای ژیانت بۆوالاكرد, ئەوەش بزانە بەڕێزەكەم ئەو جۆرە گەنجانەی كە ئاماژەم پێدا چەشنی گورگن ! ! ڕەنگە سەیر بێت بۆچی كوڕێك هاوڕەگەزی خۆی بەگورگ پێناسە دەكات؟ ئازیزەكانم دەوترێت ((هەركاتێ ڕاستی هاتە گۆڕێ پێویستە درۆ

وەلا بنێ ی))، ڕاستیش لەباسەدا ئەوەیە كە زۆربەی گەنجەكانی ئەم ڕۆژگارە لە گورگ دەچن لەسیفەتدا وەئەگەر تۆش بەو مەترسییەت بزانیایە چۆن مەڕ لەدەستی گورگ هەڵدێ تۆش خێرا ترو ژیرانە ترلەدەست پەیمانە پڕ لەدرۆكانی كوڕان هەڵدەهاتی، بەڵام جێگەی داخە كە تۆی بەڕێز هێندە خۆش باوەڕی هەر كە كوڕێ پیێ ی ووتی (خۆشم دەوێی)،ئیتر وادەزانی هەموو دونیا هی تۆیەو دەست دەكەیت به بیركردنەوەی خەیاڵی بەرزودور تادەتباتە دونیایەكی ئەفسوناوی تۆش لەو كاتەدا دەبیتە كویلەی بەر دەستییو هەرچی یەكی پیێ ووتی بۆی بەئەنجام دەگەیەنی تا بەرەو خراپە كاریو سەرگەردانی پەلكێشت دەكات، نا بەڕێزەكانم زۆرمان دیو زۆرمان بیست لەئەو ڕووداوانەی كە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، بەڵام نازانم بیرو خەیاڵمان لەكوێ یە كە ڕۆژگاری فیتنەو ئاشوب دیمەنەكانو ڕووداوەكانمان لەبیر دەباتەوەو تێیدا كردەوە ناشرینەكانمان لا خۆشەویست دەبێت، ئەوەش بزانە بەڕێزەكەم گورگ تەنها گۆشتی لە نێچیرەكەی دەوێت، نێچیرەكەش تاكاتی گیان دەرچونی ئازاری پێدەگات ئەوەش ماوەیەكی كەمی دەوێت، چونكە پاش گیان دەرچونی لاشە بێ ڕوحەكەی دەمێنێتەوە، وەهیچ ئازارێكی نییە باهەر گورگ گازی لێ بگرێ،، بەڵام ئەو گورگە ی كە پێویستە تۆی نێچیرلێ ی بترسی گۆشتی لەتۆ ناوێو ئازارێكی كاتیت پیێ ناگەیەنێ، بەڵكو شتێكی لەتۆ دەوێ كە بە هۆیەوە سەری خۆتو خێزانتو بنەماڵەتی پێوە بەرزە ئەو شتە بەنرخە ش (شەرەف و ئابرۆی تۆیە)، هەركاتێ دەستی ئەم گورگە كەوتو لەكەداری دا، هەموو دونیات هەبێ ئامادەی بیدەی لە پێناو گەڕانەوەیدا بەڵام ئەمە ماڵێكی دونیایی نییە تابە پارە بتوانی بیكڕیتەوە یان جێگەی بگریتەوە بۆیە بەڕێزەكانم دڵنیابن جارێكی تر دەستان ناكەوێتەوە، وە لە پاش لەدەست چونی ((نە بە ئاسودەیی دەژیت و نە بە ئاسودەیی دەمریت))، ئازیزەكانم ئەم هەڵەیەشت تاوەكو مردن وەكو دێوزمەیەك بەدواتەوە دەبێتو بەردەوام ڕاوت دەنێت، خوشكی خۆشەویست لە بیرت نەچێ مردنی مەڕ لە سەرەتایی بینینی گورگەوە دەست پیێ دەكات، بەڵام ئەم گورگەی تۆ لە شەوو ڕۆژێكدا سەد جار دەتكوژێتو ناشمریت مردنیش لە كاتانەدابۆ تۆ خۆشترە لە هەموو ژیان، چونكە ژیانی تۆبەئەوەوە ژیانە كە ئەو گورگە دەیەوێت بیبات، بەڕێزەكانم ئاگاداری نەبن لە كەمترین كاتدا دەیباتو بەرنەفرەتی كۆمەڵگە دەكەویتو ئازارێكی سەختیش یەخەت دەگرێتو لێت نابێتەوەو تووشی چەندەها نەخۆشی نەفسی دەبیتو ماندو لاوازو بێزار دەبیت ترسێكی زۆرت لێ دەنیشێ تەنانەت لە سێبەری خۆتیش دەترسی بێ هیواو بێ كەس دەبیت دەستبەرداری زۆرێك لە خەونو ئارەزوەكانت دەبیت، دەزانی لە پێناوی چیدا؟؟ دەی كەواتە بیربكەوە بەڕێزەكانم.

**( تاگەنجیت)**

خوشكەكەم ئێستا بەهاری ژینتە گەشاوەی گەشی

گوڵی سەتەرزی ڕازاوەوبەرزی جوان وبۆن وەشی

زەردەواڵەومێش كوللەومێشولە لەپالأسدان بۆت

گەروریا نەبیت دووچاری لە کەودوا ڕۆژی ڕەشی
سبەی پایزەهەورە تەمەودوو زووقم وتەزێنە
سیسی وژاکاوی وگەلاڕێزانە کاتی وەرینە
ئەوکاتە هیچ کام نایەن بەلاتا حاشات لێدەکەن
خوشکم ئەوانە کاروپیشەیان هەردەست برینە
خوشکم ئەوانە ئێستا تامەزرۆن بۆیەك نێونیگات
ئامادەن ببنەکۆچی قوربانی هەنگاوی ڕێگات
گەرنەخوازەلا بەردەستیان کەوی وتاسەیان بشکێت
بەڕەلات ئەکەن دەربەست نین دۆزەخ ببێتە جێگات
خوشکم ئەبینی تۆ بەچاوی خۆت گوڵ وگوڵاڵە
کامیان قەشەنگ وجوان وبۆن خۆشە ڕەنگین وئاڵە
لەسەرەتاوەچەندە تاسوخە چەند بازاڕگەرمە
کەژاکا جێگەی تەنەکەی زبڵە سەنێرگەوچاڵە
هەتاکو گەنج بوون جوان ودڵ فڕێن تا شای تەمەن بوون
شەوچەرەی(مەلهاو)ئەستێرەی گەشی ئاسمانی (فەن بوون)
لای هەرزەونەزان نموونەی ژین وزۆربەهرەمەندبوون
پیریان لێ نیشت بەڕەلاكران ڕیسواو بەپەندبوون

سروەی بێداری (جمال حبیب الله)

خوێنەرە بەڕێزەکان ئەمە کۆتایی بەشی یەکەم (یادخشتنەوە) بوو,

خوازیارم لەم بەشەدا توانیبێتم خزمەتێکی خنجیلانەوشایستەم پێشکەش کردبێتنو هەندێ شتم هێنابێتەوە یادتان کە ڕەنگە بەهۆی هەر هۆکارێکەوە بێت لەیادتان نەمابووبێت, وە هەروەها خوازیارم توانیبێتم باسی مشتێ لە خەرمانی گەورەیی ئێوەم کردبێتو ئێوەش سودتان لێ وەرگرتبێو ببێتە هۆکارێك بۆگەڕانەوەتان بۆباوەشی بەرنامەی پاك وڕێبازی ڕاستەقینە کە بەختەوەریو خۆشبەختی بۆ مرۆڤەکان دەستە بەر کردووە.........

## دووەم : ڕووداوەكان

بەڕێزەكانم لەم بەشەدا هەندێ ڕووداو دەخوێنیتەوە كە چەند وانەو ئامۆژگاییەك لە خۆدەگریت بۆ ئەو بەڕێزانەی هێشتا بەرۆكی خاوێنیان پیس نەكردوەو بەردەوامیشن لەسەر ئەو پاك ڕاگرتنە, وە بۆئەو كەسانەشی كە زۆرێك لە پیرۆزییەكانی خۆیان فرۆشتووەو لەهەولی كڕینەوەیدان بە هەر نرخێك بێت, وە بۆئەو مامۆستایانەشی كە وانەی ڕێزو ڕاستگۆی داوێن پاكیو ئەدەب بە خوێندكارانیان دەڵێنەوە, بەڕێزەكانم ئەو كەسانەی كە لەم ڕووداوانەدا باس دەكرێنو هەڵەكانیان وەكو( وانەودەرس) بۆ ئێوە باس دەكرێت تا خۆتان نەفرۆشن چونكە نرخی ئێوە هەمیشە بەرزە لە ویژدانی ئەوانەی كە لەواتای ویژدان تێگەشتوون, وە تەرازووی ئەوانەی لە واتای قورسایی گەیشتوون, وە لەخەونی ئەوانەی لە پلەی بەرزی گەشتوون ...

وە بزانن ئەو كەسانەی بۆتان باس دەكرێت هەروەكو ئێوە بوونە لە ڕەگەزو لە تەمەندا, لە بیركردنەوەو بۆچووندا لە خەونو ئارەزوودا لە حەزوخۆشیدا لە هەولو ئامانجو مەبەستدا, بەلاّم بۆ توشی هەڵە بوونە, هۆكارەكان, پالنەرەكان, ڕێگاكان, مەبەستەكان, گرفتەكان, ئامانجەكان چی بوونە كە ئەم كەسانەی بەرەو هەڵە بردون؟ ئایە پاش ئەنجام دانی هەڵە یان بەواتایەكی تر (پاش تێركردنی حەزو ئارەزووبەڕێگەی نەشیاو) دڵت ئارامو لاشەت ئیسراحەتو دەرونت مورتاحو ناخت ئاسودەتردەبێت, ژیانت خۆش تر دەبێت پێت وایە هانا بردن بۆكاری هەڵە بە بەختەوەرانە تر دەتژێنێت؟ ئایە ئەنجام دانی كاری هەڵە واتای ئازادیو سەربەستی تۆیە ؟

بەڵێ ڕووداوەكان ڕاستە قینەنو هەڵقولاّوی كۆمەڵگەی خۆمانن بۆیە دەخوازم بەخویندنەوەیان هەستێكتان لا دروست بكات كە كاریگەر بێت وە وانەیەكتان فێربكات كە سودبەخش بێت وە تۆوی پارێزگاریو فیداكاریتان تێدا بچێنێت بۆ بەرانگاری بوونەوەی ئەوانەی كە شەڕتان لەگەڵ دەكەنو دەیانەوێ لە بەرگی مرۆڤایەتی دەرتان بهێننو بەرگی ئاژەڵیتان پێ لەبەربكەن چونكە ئاژەڵ ئاسا بیردەكەنەوەو ئەوەی نرخی نەبێت لایان ویژدانوهەستی مرۆڤایەتی یە, بۆیە ئاگاداری كاری هەڵەو نەشیاو بن ئەنجامی نەدەن چونكە بەردەوام بوون لەسەر كاری هەڵە, كردنەوەی دەرگایەكە بۆ خۆ دۆڕاندن ......

## 1-ڕووداوی یەكەم :-

لەیەكێك لە گەڕەكەكانی شاری............ كچێك ئێوارەیەك لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەكەی خۆی لە قاتی سەرەوەی ماڵێكی گەورە لە پەنجەرەی ڕوو لە خانووە كەیدا ئەوەستێ ناو بەناو گەنجێكی جوان بە كۆڵانەكەدا هاتو چۆ دەكات ...كچەكە پەردەی پەنجەرەكە دائەداتەوە ... كوڕەكە زۆر هۆگری دەبێت تەنانەت وای لێ دێت هەموو ڕۆژێك بەبەردەم ئەو دەرگایەوە هاتوو چۆنەكاتو ئەو كچە شەرمنە نەبینێت ئیسراحەت ناكات.... پاش تێپەڕ بوونی چەند مانگێك لەم هاتووچۆیە, كچەكە ڕۆژێكیان تەنەكەیەكی خۆڵی پێ ئەبێت ئەیڕێژێت لەوبەری ماڵی خۆیانەوە كە شوێنێكی بەتاڵە لەپڕ كوڕەكە پەیدا ئەبێتو نیگایەكی بۆدەكات كچەكە سەیری ناكات بەڵام ناچار كوڕەكە چاوهەڵئەگرێو ئەڵێ ئەبێ هەرقسەی لەگەڵدا بكەم جارێكی تر ..... بەو شێوەیە هەمان كچ تەنەكە خۆڵەكە فڕێ ئەداتە شوێنە چۆڵەكەوە دەمەو ئێوارەیەكی تاریك ئەبێت كوڕەكە لێی نزیك ئەبێتەوە ئەڵێت بەیارمەتیت كچی باش ..كچەكە فەرمووبراكەم:— كوڕەكە من برای تۆ نیم !كچەكە ئەیەوێ بەجێی بهێڵێت كوڕەكە دەستی دەگرێتو نایەڵێت بڕوات .كچەكە شپرزە ئەبێتو ئەڵێت:— دەستم بەرەڵا بكە بێ شەرم .كوڕەكە زۆر لێی ئەپاڕێتەوە ئەڵێ:—لێم ببورە هیچ مەبەستێكم نیە.تەنها بوار بدە دوو قسەت لەگەڵدا بكەم .كچەكە ئەڵێت:— ئێرە شوێنی قسە نی یە چیت هەیە تەلەفۆنم بۆ بكە. كوڕە داوای ژمارەكەی لێ دەكاتو كچەكەش بەدوو دڵی یەوە ژمارەی خۆی ئەداتیو ئەڵێ:— ئەگەر تەلەفۆنت كرد لەدوای سەعات 10ی شەوەوە تەلەفۆنم بۆبكە كوڕەكە ئەڵێت (بەچاوان) سەعات 10ی شەو زەنگی تەلەفۆنی كچەكە لێ ئەدات ئەویش وەڵامی ئەداتەوەكێ یە؟منم ئازاد...ئازاد كێیە؟عاشقەكەی ئێوارەم....فەرموو كاكی عاشق ............چی یە پێم ڕادەبوێری؟ نەخێر حەدم نیە بەكەس ڕابوێرم بەڵام تۆ زۆر بێ شەرمیت ئەوە ئێوارە بۆ وا بازووت گردم؟ چی بكەم ئاگری دڵ هەڵی گردبووم....باشە چیت هەیە فەرموو بیڵێ؟....من وەكو پێم ووتی ناوم ئازادە ئیشم خاوەنی پێشانگایەكی گەورەم لەبازاڕداو....كچەكە دەڵێت تۆ ئەوەندە دەوڵەمەندی بۆ سەیارەت پێ نیەیە؟ كچی باش بۆ هەركەسێ سەیارەی پێ نەبێ فەقیرە؟.كچەكە نەخێر بڵێ فەرموو؟ لەڕاستیدا من تۆم زۆر زۆر خۆش دەوێت بەبێ ئەوەی بزانم كچی كێیتو چۆنی. ئەتوانی پرسیار بكەی؟ پرسیاری ناوێ كچی باش خۆشەویستی كوێرە كوێر. باشە بۆچی منت خۆش ئەوێت؟ بڕوات بێت لە فریشتە دەچیت لە بەرچاوم. بەهەرحاڵ ئێستا كاتی زۆرم نی یە قسەت لەگەڵدا بكەم بۆ جارێكی تر. باشە قەیناكە بەڵام بۆئەوەی بە ئیسراحەتی خۆمان قسە بكەین وەرە بۆلام بۆ دووكان بۆ بازاری .............دوكانەكەم لە تەنیشتی فلاَن دووكانەوەیە. هەرخۆتی كەی بێم؟ هەركاتێ بێیت بەتەنهام كێشە نییە سبەی هەینی یە كاتژمێر 6ی ئێوارە باشە؟ بابزانم خۆم جوابت لێ ئەگێڕمەوە. چاوەڕوانم ئازیزم؟ بەچاوان دێم......بەیانی ڕۆژی هەینی سەعات 6ی ئێوارە خۆی ئەڕازێنێتەوەو ئەچێت بۆ بازاڕو دووكانەكەی ئەدۆزێتەوە پاش بەخێر هاتنی گەرم لەلایەن ئازادەوە بۆكچەكە پێی ئەڵێت: ئەرێ خۆتۆ ناوی خۆتت پێ نەوتم؟. ناوم شاگوڵە بە ڕاستی شاگوڵی ناوەكەت نەدۆڕاندوە.

كچەكە زۆر سوپاس بەم شێوەیە هەفتەی چەند جارێك لەو دوكانە بەتەنها ئەوین داران دەمێننەوە... تا درەنگانێ كار وایی لێ دێ كورەكە ڕۆژێكیان لەقرچەقرچی نیوەڕۆی هاویندا سەعات 10ی سەرلە بەیانی تەلەفۆن بۆ شاگوڵ دەكات سەعات 1ی نیوەڕۆ بێت بۆ دووكان شاگوڵ یەكسەر لەبەر تەماحی دەوڵەمەندی خۆی دەگۆڕێتو بەبیانووی ئەوەی كە هاوڕێیەكی جەستەی سوتاوە بەكەس و كاری ئەڵێت ئێستا نەچم بۆ نەخۆشخانە ناهێڵن دوای بچمە ژوورەوە. هەرچۆنێك بێت دایكو براكانی ڕازی دەكاتو ئەچێت بۆ دوكان, بەڵام ئازاد بیر لەوە دەكاتەوە چۆن دەستی بۆ بەرێت. بەقسەی خۆش و پێدانی هەندێ دیاری لە دووكانەكەیەوە بۆ شاگوڵ شلی ئەكاتو ئەیباتە ژووری خۆگۆڕینی ژنانەوە. چونكە ئازاد كەلوپەلی ئافرەتان دەفرۆشێت. كار لەكار ئەترازێتو ئەوەی نەدەبوو ڕوودات ڕووی دا. پاش دوومانگ شاگوڵ واهەست دەكات سكی بەرز بۆتەوە. بۆیە ناچار تەلەفۆن بۆ ئازاد دەكات داوای لێ دەكات بێتە داوای. بەڵام ئازاد هەر ئەو جارە وەڵامی دایەوە ئیتر لەوە بەدوا موبایلەكەی قفلێ كردو ژمارەكەی گۆڕی....ناچار ڕۆژێك شاگوڵ خۆی دەكات بەدووكانەكەیداو ئەبینێت كەسێكی تری لەسەرەو مامەڵە لەگەڵ خەڵكیدا دەكات. ئەویش تۆزێك خۆی مەشغوڵ دەكات تا كڕیارەكان دوكانەكە چۆڵ دەكەن. بەدەنگێكی هێمنەوە ڕوولەخاوەن دوكانەكە دەكات و دەڵێت: زەحمەت نەبێت كاك ئازاد لەكوێ یە؟....دادە گیان ئازاد دوكانەكەی بە من فرۆشتووەو خۆی چووە بۆ بریتانیا. كچەكە دەڵێ چۆن تورە دەبێت. كورەكەش دەڵێت دادە گیان بۆچی تورە دەبیت خۆ ئازاد برای باوكم نییە دوكانەكەم لێ كڕیوەو ڕۆشتووەو ببڕێتەوە فەرموو چیت دەوێت؟ كچەكە سارد دبێتەوەو داوای لێ بوردن دەكات دووكانەكە بەجێ دەهێڵێت. بەم شێوەیە عەودالی سۆراغی ئازاد ئەبێت بەڵام بێ سودە. ناچار ڕوودەكاتە مامانێك لەگەڵ هاوڕێ یەكی خۆیدا بۆ ئەوەی سكەكەی پێ فڕێ بدات. بەڵام ئەچێتە لای هەركەسێك بۆی ناكەن ئەڵێن ئەو منداڵەی لە سكتدایە دوانەیە ناوێرن بەئاسانی پێی فڕێ دەن. هەموو ڕۆژێك شاگوڵ ڕەنگ زەردو بێ تاقەت ئەبێت. وردە وردە سكی بەرزتر دەبێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی كەس و كاری پێ ی نەزانن كراسێكی فش لەبەر دەكات. ڕۆژێكیان دایكی ئەبینێ شاگوڵ لە ژوورەكەیدا هەر دەست ئەنێ بەسكیداو ئێڵنج ئەدات. دایكی لێ ی نزیك ئەبێتەوەو ئەڵێت: كچم چییە نەخۆشی؟ بۆچی وازەرد هەڵگەڕاوی؟ شاگوڵ ڕەنگی تێك ئەچێتو ئەڵێت: دایە شتێك هەیە پێت ئەڵێم باكاكمو باوكم نەزانن. بڵێ كچم چییە؟(هەرچەند دەكات ناوێرێت) كچم مەترسە هەرچییەك هەیە هاوكاریت دەكەم. ئاخر دایكە ئەترسم بمكوژن!بت كوژن, كێ ئەتكوژێ؟ وە بۆچی ئەتكوژن؟ لەپڕ شاگوڵ دەست دەكات بە گریانو مەسەلەكە بە دایكی ئەگەیەنێت. دایكی لەتاوا قژی خۆی ئەڕنێتو زوو زوو ئەكێشێت بەسەر ڕوومەتەكانیداو قژی شاگوڵ ڕائەكێشێتو ئەڵێت: چۆن ئەمەت كرد؟ ئەو كوڕە كێ یە؟ماڵیان لە كوێ یە؟ پێم بناسێنە؟ دایكە ئەو كوڕە دووكانی كاڵای ژنانەی هەبوو فرۆشتوویەتیو ڕۆشتووە بۆخارج.. ئەی كەس و كاری لە كوێ یە؟ نازانم؟ سكت چەند مانگانە؟ دایە دوومانگانە كەس بۆم لەبار نابات ئەڵێن دووانەیە. دایكی دێتو ئەڕواتو بێ تاقەت ئەبێ, دونیا لەبەر چاوی ڕەش ئەبێت وە ناتوانێت هیچ شتێك بەباوكی شاگوڵ بڵێت, ناچار بیردەكاتەوەو

هەردەگری ..چەندجارێك ئەیباتە لای چەند ژنێك بۆی لەبار بەرن, بۆی ناکەن, لە کۆتایدا لە شارێکی تر بە هۆی سەردانەوە لای پیرە ژنێك بۆی لە بار ئەبەن. پاش شەش مانگ خزمێکی باوکی شاگوڵ دێتە خوازبێنی شاگوڵ, بەلأم شوی پێ ناکات لە ترسی ئەوەی کەشف نەبێت کە ژنە. پاش ئەوەی چەند کەسانێك داوای دەکەن شویان پێ ناکات, لەدوایدا کاکی ئەیدات بە هاوڕێ یەکی خۆی بە زۆرو ئەڵێت کوڕێکی زۆر باشەو تۆش تەمەنت وا گەورە بووە, یەکەم شەوی زاوایی: هەست ئەکات شاگوڵ بە کچێتی دەستکاری کراوە بۆیە بۆ بەیانی ئەینێرێتەوە ماڵ باوکی, چەند ڕۆژێك لەوێ ئەمێنێتەوە کاکی لێی ئەپرسێت شاگوڵ سوارە بۆنایەت بۆ ئێرەو ناتباتەوە؟ بەخوا کاکە پێ ی ووتم لێرە بم تا(20) ڕۆژی تر چونکە ئەچم بۆ تورکیا بۆ هەندێ ئیش‌و کاری خۆم. باشە خێری پێ وەبێت. ڕۆژێکیان کاکی شاگوڵ سوارە لە بازاڕ دەبینێ‌و پرسیاری لێ دەکات: بۆچی نایەیت سەرێك لە منو شاگوڵ بدەیت؟ کاکە تۆ ڕەفیقی منی ئەمویست ڕاستییەك هەیە پێت بڵێم. بەلأم لە ڕاستیدا ناچارم ڕوونی بکەمەوە, سەیرێکی سوارە ئەکات‌و ئەڵێت ئەو نهێنییە چییە؟ سوارەش هەموو مەسەلەکە بەکاکی شاگوڵ ئەگەیەنێت‌و کاکی شاگوڵ بەتەواوی ئارەقەی شەرمەزاری ئەڕێژێ‌و بەپەلە بەرەو ماڵ دەڕواتەوە پێش ئەوەی سوارە بەجێ بهێڵێ پێ ی ئەڵێت گەر وانەبوو من تۆ دەکوژم گەر واش بوو خوشکەکەم, کاتێ دەچێتە ماڵەوە قژی شاگوڵ ئەگرێ‌و بەسەر زەویدا ڕای ئەکێشێ ئەوەندەی لێ ئەدات تا دەیبوورێنێتەوە دایکی دەڵێت: کوڕم ئەوە شێت بوویت؟ نەخێر ئێوە شێت بوونە تۆ ئاگات لێ بووە شاگوڵ ژن بووە کاتێ شووی کردووە؟ ئابروتان بردم ڕووم نایەت بچمە ناو کۆڕو کۆمەڵەوە لەمەودوا دایکی دەمی تەتەڵە دەکات‌و دەڵێت: ڕۆڵە درۆ دەکات, کاکی شاگوڵ سەیری دایکی ئەکات‌و ئەڵێت: شتێك هەیە تۆیش ئەیزانیت بەلأم دیارە وەکو خوشکەکەم بێ ڕەوشتیت‌و لە ئێمەت شاردۆتەوە. دەست ئەبات بۆ دەمانچەی کەمەری‌و ئەینێت بە سەری شاگوڵەوە. بەدایکی ئەڵێت: ڕاستی ئەڵێیت یان هەردووکتان بکوژم؟ ڕۆڵە بێرەوە سەر خۆت هەموو شتێکت پێئەڵێم. نەخێر هەر ئێستا. دایکی شاگوڵ پێ لە ڕاستییەکان ئەنێت‌و پاش ئەوە هەردووکیان ئەکوژێت. پۆلیس دائەبارنە سەر ماڵی شاگوڵ‌و کاکی شاگوڵ دەست گیر دەکەن‌و باوکی شاگوڵ بەمە ئەزانێ دایکی شاگوڵ کوژراوەو کچەکەشی لە گەڵیدا. دەچێت بۆلای کوڕەکەی لە سجن ئەویش هەمووی بۆ ئەگێڕێتەوەو ئەوەندەی تر بەئەو کێشە یە بێتاقەت ئەبێت, ئێوارەیەکیان باوکی شاگوڵ خۆی دەخنکێنێت‌و ژیانی لە دەست دەدات پاشی چەند ڕۆژێکیش کاکی شاگوڵ حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت‌و لە سێدارە دەدرێت.......

## 2- ڕووداوی دووەم:

سەعات (7)ی ئێوارەیە, ناسكە خان خوێندكاری زانكۆیە .....دەست لە تەكسییەك ڕادەگرێتو دەڵێت: برا گیان ئیش دەكەیت؟ كاكی شۆفێر بەڵێ, دەتوانی بمبەی بۆ گەڕەكی....... بەسەرچاو بەڕێز فەرموو.....لەڕێگادا دەكەونە گفتوگۆ..شۆفێرەكە ئەڵێت جەنابت فەرمان بەری؟ . نەخێر خوێندكاری زانكۆم ...لە مەرحەلەی چەندی چی بەشێكی؟. كۆلێژی پزیشكی قۆناغی چوارەم....شۆفێرەكە پێ دەكەنێو ئەڵێت: بەڕاستی ڕوخسات هەر لە پزیشك دەچێت, هێندە شۆخو شەنگی من هەر زوو هەستم كرد پزیشكیت,,,ناسكە پێ دەكەنێو ئەڵێت: زۆر سوپاس پاشان شۆفێری تەكسییەكە لە ئاوێنەكەوە زۆر سەیری ڕوخساری دەكاتو ناسكەش دەڵێت: ئەوە تۆبۆ ئەوەندە لە ئاوێنەكەوە سەیرم دەكەیت: ڕاستت دەوێت زۆر جوانیتو موعجیبووت بووم! ! ! باشە سوپاس, بەڵام تۆ تا چەندت خوێندوە؟ من لە كۆلێژی یاسا بووم مەرحەلە سێ بە هۆی ئەوەی كە كەسو كارم پێشمەرگە بوون ڕژێم گرتمیو فەسڵیان كردم...حەیف ...دەی خوا گەورەیە ئینشائەڵا بوارێك دەرەخسێت زانكۆ تەواو بكەیت....زۆر سوپاس. كاتێك دەگەنە شوێنی مەبەست. ناسكە دەڵێت: تۆ دەتوانی لەگەڵ سێ خوێنكاری هاوڕێمدا ڕۆژانە هاتوو چۆمان پێ بكەیت؟ ..بەسەرچاو...بۆ بەیانی وەرە بە دوامدا با لەگەڵ هاوڕێكانمدا قسە بكەم بەس بەچەند هاتووچۆمان پێ دەكەیت؟..ئەوە موشكیلە نییە ڕێك ئەكەوین...بۆ بەیانی لە شوێنی ئامادە كراوی نێوانیان ئامادە دەبێتو ناسكەو سێ خوێندكاری هاوڕێ ی سوار ئەبن, ڕێك ئەكەون بە بڕێك پارە كە مانگانە هاتووچۆیان پێ بكات. هەموو ڕۆژێك ئەم شۆفێرە هاتووچۆ بەم خوێندكارانە دەكات, ناسكە خان دوایین كەس دادەبەزێت لە تەكسییەكە لەكاتی گەڕانەوەیان بۆ ماڵو یەكەم كەس سوار دەبێت لە كاتی چونیان بۆ زانكۆ....ماوەی شەش مانگ بەم شێوەیە هاتووچۆیان پێ دەكات قسەو باسی خۆش خۆش دەكەن لەڕێگادا وەكو هاوڕێیەك...ڕۆژێكیان ناسكە ئەڵێت بە شۆفێرەكە كە ئەم شەو لە زانكۆ كە هاوڕێ كانمت بردەوە سەعات (9) وەرەوە بەدوامدا چونكە سەعات (9) محازەرەم تەواو دەبێت ....سەعات (9) شۆفێرەكە دەچێتەوە بەدوای ناسكەدا كە شەوێكی ساردوو باراناویە, لەناو سەیارەكەدا دەكەونە گفتوگۆ ناسكە دەڵێت تۆ كوڕێكی چاكو جوانی كچێكی جوانت قابیلەو كەی بەتەمای ژن بهێنیت؟,, بەتەمای كچێكی جوانی وەك تۆم ئەگەر بێتە سەر ڕێگام, لەم قسانەدا دەبن شۆفێرەكە بە ناسكە دەڵێت: بۆ ئەم شەو تۆزێك پیاسە نەكەین بە ئۆتۆمبیلەكەوە؟ ,,بارانەو كەسیش تۆ نابینێت لەبەر هەڵمی جامەكان,,, ئەی ماڵەوەمان بڕیار وایە سەعات(9) بڕۆمەوە دەدەی چی دەبێت تەلەفۆنێك بكە بۆ ماڵەوەو بڵێ سەعات (10) تەواو دەبم ماموٚستاكەمان درەنگ ئامادە بوو, ناسكە تەلەفۆن دەكات ماڵەوە ئاگادار دەكاتەوە, شۆفێرەكە دەڕوات تاكەمیك لە شار دوور دەكەوێتەوە دەچێت بۆماڵ خوشكێكی كاتێ دەگاتە ماڵ لەماڵ نین ئەویش بەناچاری خۆی هەڵدەداتە ماڵەوەو دەرگاكە دەشكێنێتو ناسكە بانگ دەكاتە ژوورەوە پاش سوكە ئیسراحەتێ كاكی شۆفێر سەتەلایت هەڵدەكاتو دەیكاتە سەر فلمێكی بەد ڕەوشتیو پێكەوە سەیری دەكەن تا وای لێ دێت بەتەواوی پەرۆشی یەكتری دەبن

لەیەك ئەئالێن وەك ڕەشماڵ,,,,, كار وای لیّ دێت سكی خوێندكارەكە پڕدەكات تا كاتژمێر (5) ی بەیانی بەردەوام دەبن, بەیانی ماڵەكە بەجیّ دەهێڵنو ناسكە دەباتەوە بۆ زانكۆ ماڵی كچەكەش سەعات( 11) ی شەو دەچن بۆ زانكۆو مامۆستای وانەكەی بە براكەی ڕادەگەیەنێت كە لەسەعات(9)وە محازەرە تەواو بوووەو هیچ كەس لێرە نەماوە براكەی ناسكەش دەكەوێتە جۆرەها گومانەوەو بێدەنگ دەبێت, بەیانی كاتژمێر(9)دەچێت بۆ زانكۆو ناسكە دەبینێتو دەڵێت: دوێنیّ شەو لە سەعات (9) ی شەو بەدواوە لە كویّ بووی؟,, بەخوا تەكسیم دەست نەكەوت ناچار چوم بۆ ماڵی شیلانی هاوڕێمو شەو لە ویّ نوستم,,,, ئەی بۆ تەلەفۆنێكت نەكرد؟,,, بەخوا چۆنت بۆ دەگێڕمەوە هەروابوو كاكە گیان,,,,, باشە ماڵی ئەو هاوڕێیەت لە كویّ یە؟,,,,لە سابوون كەران (گەڕەكێكە لە سلێمانی),,,, ڕەقەم موبایلەكەی لات هەیە ؟ بەڵیّ ئەمەیە............ باشە براكەی ئەڕواتو خێرا ناسكە تەلەفۆن بۆ شیلان دەكاتو پیّ ی دەڵێت ئەگەر براكەم تەلەفۆنی بۆ كردی بڵیّ ئەمشەوی ڕابردوو لەماڵ ئێمە بوو تەنها منو دایكم لە ماڵ بووین ناسكەش هات بۆ ماڵو لەویّ نووست,,,, بەم شێوەیە پاش تەلەفۆن كردن كاكی گومانی نامێنێتو بە ناسكە دەڵێت جارێكی تر كاری ئەوها دووبارە نەكەیتەوە ناسكە دەڵێت زۆرباشە بەسەرچاو,,,, بەهەمان شێوە ڕۆژێكی تر شۆفێرەكە دێتەوە بۆ زانكۆو ناسكە سوار دەكاتو دەڵێت: ئەمشەو بەهەمان شێوەی ئەو شەوە دێمەوە بۆ لات,, ئەمشەو نا توشی كێشە دەبین, ئەیخەینە ڕۆژی پێنج شەممە دەوامم زوو تەواو دەبێت لەسەعات (4)وە تا(7) ی شەو لەگەڵتا ئەبم, ئێوارەی پێنج شەم شۆفێرەكە ناسكە خان سواردەكاتو دەیبات بۆ گوندێكی نزیك شار بۆ ماڵی هاوڕێیەكی كە پێشتر پلانیان داڕشتبوو, هاوڕیّ كەی لەحەمامی ماڵە كەیدا خۆی شاردبۆوە تا ئەوان چوونە ژوورە دەستیان كرد بەكاری سێكسی لەپڕدا هاوڕێكەشی دەچێتە ژوورەوەو ئەویش دەست دەكات بەكاری سێكسی لە گەڵ ناسكەدا, پاش چەند مانگیّ لەدووبارە بوونەوەی ئەم كارە ناسكە سكی بەرز دەبێتەوەو داوا لە شۆفێرەكە دەكات بێتە خوازبێنی و هەڕەشەی ئەوەی لیّ دەكات كە هەموو ڕاستییەكان بەدایك و باوكی بڵیّ,,,, شۆفێرەكە بیر لەوە دەكاتەوە كە هاوڕێكەشی لەگەڵیدا ڕایبواردووە وەك ئەو: بەناسكە دەڵێت داوای لیّ بووردن دەكەم ناتوانم بێمە داوات, ناسكەش سوێند دەخوات تا بەیانی نەیەیتە خوازبێنیم براكەم تیّ دەگەیەنم جگە لەوەی من دەكوژێت تۆش دەكوژێت شۆفێرەكە ترس لیّ ی ئەنیشێت و ئەڵێت چەند ڕۆژێك بوارم بدە . پاش چەند ڕۆژێك دێتەوە بۆ زانكۆ و بەناسكە دەڵێت بەڵیّ بیرم لەوە كردەوە كە بتهێنم , ئەویش دڵی خۆش دەبێت و بە شۆفێرەكە دەڵێت ئیتر چی دەڵێت من ئامادەم مادەم دەبین بە حەلاڵی یەكتر. شۆفێرەكە بیر لەوە دەكاتەوە چۆن ئەم كێشەیە لەكۆڵ خۆی بكاتەوە نەخشەیەك لەگەڵ هاوڕێكەی دادەنێن بۆئەوەی ناسكە بكوژن, تەلەفۆن بۆ ناسكە دەكات و دەڵێت: سبەینیّ عوتڵەیە دەوام نیە لەكویّ بتبینم ؟ ئەو شوێنەی جاران واتە گوندەكە, شۆفێرەكە زۆری پیّ خۆش دەبێت سەعات( 9) ی بەیانی دادەنێن كەبچنەوە بۆ هەمان شوێن, سەعات(9) ناسكە لە وێستگەیەك چاوەڕیّ ی دەكات سواری دەكات و بۆ گوندەكەی دەبات , پێشتر هاوڕێكەی ئاگادار كردبۆیەوە كە دەیهێنیّ بۆ ئەویّ ,

بۆیە هەر كە گەشتنە شوێنی مەبەست بە هەردووكیان پەلاماری دەدەن و ئەیخنكێنن , لەخانووەكە ئەمێنێتەوە تاكو دوو شەو پاشان لە تولە ڕێ یەكی باریكی گوندەكەدا ئەینێژن و ئەگەڕێنەوە بۆ شار پاش وونبوونی ناسكە خان كەس و كاری دەگەڕێن بەدوایدا نایدۆزنەوە , پاشان كەس و كاری ناسكە پەنا دەبەن بۆ لای هاوڕێكانی ناسكە تا بزانن لە گەڵ كێدا پەیوەندی كردووە , شۆفێرەكەی كەهاتوو چۆیان پێ دەكات تاوانبار كرا لە لایەن پۆلیسەوە بەلاَم نەتوانرا دەستگیر بكرێت , ئەم كێشەیە بۆ ماوەی ساڵێك مایەوە , هاوڕێ ی شۆفێرەكەش خانووە كەی دەفرۆشێت بەكەسێكی تر بەبیانووی ئەوەی كە دەچێت بۆ خارج بۆ ئیش كردن پاش دووساڵ بەسەر تێپەڕبوونی كوشتنی ناسكە هیچ لایەنێكیان ناگەن بەئەنجام نە پۆلیس و نە كەس و كاری, ڕۆژێكیان كچی ئەو ماڵەی كە خانووە كەیان كڕیوە لە هاوڕێ ی شۆفێرەكە لەیەكێك لە ژوورەكاندا پاش چەند ڕۆژێك ملوانكەیەكی زیوی سپی ئەدۆزێتەوە بەلاَم هەر هەڵی دەگرێت ئەوەندە لای جوان دەبێت بەكەس ناڵێت , پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێ بەسەر ئەم تاوانەدا كچی ئەو ماڵە قۆناغی ئامادەیی تەواو دەكات و لە زانكۆ وەردەگیرێت , وەیەكێك لەهاوڕێكانی ناسكە دەبێتە مامۆستا لەو زانكۆیە كە پێشتر خوێندكار بووە تیایدا , ئەم كچەش زۆر زیرەك دەبێت پەیوەندییەكی باش لەگەڵ مامۆستاكاندا دروست دەكات بەتایبەتی لەگەڵ ئەو مامۆستایەیی كە هاوڕێ ی ناسكە بووە , ڕۆژێكیان مامۆستاكە دەعوەت دەكات بۆ ماڵی خۆیان مامۆستاكەش ڕازی دەبێت , پاش نان خواردن و چا خواردنەوە كچەكە بە مامۆستاكە دەڵێت شتێك هەیە نهێنی یەو تائێستا لای كەس باسم نەكردوە بەلاَم حەزدەكەم بە تۆی بڵێم فەرموو بەقوربان چییە ؟ كەتەمەنم (10)ساڵاَن بوو هاتینە ئەم خانووە زنجیرێكی زیوی سپیم دۆزییەوە كە حەرفێكی جوانی تێدایە ؟ , مامۆستا سەیری دەكەیت؟ . كەسەیری دەكات ناسكەی بیر دەكەوێتەوە كە هەمان ملوانكەی هەبووەو لەملی كردوەو هەمان حەرفی تێدا بووە پاش دەمە تەقێ و گفتوگۆی زۆر مامۆستاكە دەكەوێتە گومانەوە كەئەم زنجیرە لەوەی ناسكە دەچێت , ئاگاداری ئەفسەرێكی خزمی خۆی دەكات , پاش ئەوەی پۆلیس دەكەونە گومانەوە كەسو كاری ناسكە بانگ دەكەن و دایكی ناسكە دەڵێت : ئەم زنجیرە هی ناسكەی كچمە و چی دەكات لەم خانووەدا كچەكە دەگرن و پاش ئەوەی بۆیان ڕووندەكاتەوە كەلەم خانووەدا دۆزیویتیەوە پێش چەند ساڵێ كە لە( عمر) ناوێكیان كڕیوە , پاش گەڕان و سۆراغی كاك عمر ئەدۆزنەوەو پۆلیس پێ ی دەڵێن: پێش چەند ساڵێ لەمەو بەر ئەم خانووە هی تۆ بووە ؟ ئەویش ئاگای لەهیچ نییە تاوانەكەی هەر بیر چۆتەوە ئەڵێت: بەڵێ , ئەم زنجیرە چی دەكات لەم خانووەی تۆدا ئەویش دەمی تەتەڵە دەكات و تاوانەكەی بیر دەكەوێتەوە و دەڵێت: بەخوا ڕەنگە ئەمە هین خێزانم بووبێت وونی كردبێت , وەدوای لێكۆڵینەوە بۆیان دەركەوت كە ئەوكاتە خێزانی نەبووە پاش لێكۆڵینەوەی چڕوپڕ فرمانی گرتنی( عمر) دەردەچێت پاش دەستگیر كردنی دان بە هەموو تاوانەكەدا دەنێت و دەڵێت ئەگەر ئەم زنجیرە لەماڵی ئێمەدا دۆزرابێتەوە هی خوێندكارێكی زانكۆ بووە كە پێش چەند ساڵێ لەمەوبەر پەیوەندی بەكوڕێكی هاوڕێمەوە هەبوو هێناویتی بۆ ئێرەو چەند جارێك كاری سێكسیمان لە گەڵیدا ئەنجام

داوەو دوای ئەوەی كە سكی پڕ بووە لە ترسی هەڕەشەكانی و پاراستنی گیانی خۆمان , دوژمنایەتی و كوشتن , كوشتمانەوتەرمەكەیمان شاردۆتەوە لە پشتماڵی خۆمانەوە ., پاش ئەوەی شوێنەكە ئاشكرا دەكرێت لەلایەن عمرەوە ئێسك و پروسكی تەرمەكە دەردەهێنرێت و ڕەوانەی (تب عدلی) دەكرێت بەمەبەستی لێ كۆڵینەوە لە چۆنێتی كوشتنی لە ئەنجامدا وا دەركەوت كە خنكێنراوە وبەیەك جاری تاوانەكە ئاشكرا دەبێت, وە (عمر) اعتراف لەسەر شۆفێرەكە دەكات كەناوی (ئاری)یە بەڵام شوێنی نادیار دەبێت , پاش لێ كۆڵینەوە لەتاوانی (عمر) لەلایەن دادگاوە حوكمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت بەڵام بەداخەوە تائەوكاتەی عمریش لەسێدارە دەدرێت تاوانباری دووەم ناو و ناونیشانی بە نادیاری دەمێنێتەوە .



## 3-ڕووداوی سێ یەم:-

ئافرەتێ کە نێچیری دەستی یەکێك لەوگورگانە بووە , باسی ژیانی خۆی دەکات لە سەرەتای کارەکەیەوە تا کۆتای کە چی بەسەردا هاتووە , ئەم ئافرەتە دەڵێت پێش شەش مانگ لەئەنجام دانی کارەکە , حەزم لە گەنجێك کرد, کە ڕاستی ئەو حەزکردنە لە نەزەرێکی ئاساییەوە دەستی پێ کرد , دوای ماوەیەکیش گۆڕا بۆ لێك نزیك بوونەوە , دوای ئەوەش بۆ قسەکردن و گفتوگۆ , بەردەوام قسەی زەردو سورمان بۆ یەکتری دەکرد پەیوەندی بەناوە (هاوڕێیەتیمان) , تادەهات خۆش تر دەبوو, تابەشێوەیەك پەیوەندی نێوانمان پەرەی سەندکەزۆرترین کاتەکانی ڕۆژانەمان بەیەکەوە بەسەردەبرد , شەرم دەکەم کە بڵێم وامان لێهات لەگەڵیدا دەرۆشتم بۆیەکێك لەو خانووە ئامادە کراوانەی کە خانووی یەکێك لە هاوڕێکانی بوو, پاش ماوەیەکیش لە هاتووچۆکردنی ئەو خانوو چۆلە بەبەردەوامی وای لێکردم حەز بەوشوێنە بکەم , چونکە لە چاوی خەڵکی بە دوور بووین , تا ئەو گورگە توانی زۆر بەئاسانی قایلم بکات بەوەی ئەم شوێنە شوێنێکی داخراوەو دەتوانێ بەئاسانی بمانپارێزێت لە چاوی ئەو کەسەی کە دەترساین بمان بینن, کار بەم شێوەیە مایەوە تائەو کاتەی خۆم لەبیر کرد, دایك و باوك , خوشك و برا, هاوڕێ و دۆستانم لەبیر کردو بەم شێوەیە لە گەڵیدا گونجام , چونکە من بەراست ئەو کوڕەم خۆش دەویست , وەلەو قەناعەتەدابووم کە ئەو کوڕە بەهۆی ئەو وەعدو بەڵێن و قسەیەی کە بۆی دەکردم و دەیڕازاندەوە بەڕاستی خۆشی دەوێم , بۆیە من بەتەوای برواو متمانەم پێ کردبوو , چونکە پێشتر بەڵێنی دابوو کەبێتە خوازبێنیم بمخوازێ , ڕۆژگار دەڕوات و هاتووچۆی ئێمەش بۆ ئەو شوێنە بەتەنها بەردەوامە , هاوار ...هاوار...بۆمن , تاڕۆژێکیان ئەم گورگە زۆر بەئاسانی پەلاماری دام و منیش بەبێ هیچ بەرگرییەك خۆم تەسلیمی کرد, تا ئەو کاتەی مەرامە بۆ گەنەکەی خۆی تێر کردوو منیشی هەڵدایە زبڵدانی بێزێزانەوە , بەڵێ من شەرەف و ناموس و ئەخلاق و سەربەستی خۆم بەدیاری پێشکەش کردوو ژیانم دۆڕاند , بەڕاستی دۆڕاندی هەمیشەیی .....پاش تەواو بوونی کارەکەمان هەستم بەلاوازی و بێ دەسەڵاتی خۆم کرد , ئێستا گرەفتەکە لەوەدایە کە من داوا لەخۆشەویستەکەم دەکەم کە بێتە خوازبێنیم , بەڵام پاش چی ؟ . پاش ئەوەی لەکارەکەمان تەواو بووین و کوڕەکەش هەڵدێ و بۆهەتاهەتایە نایەوێت بم بینێ , وە ئێستاش منی داماو لە دۆزەخێکی پڕ لە ترس و بێزاریدا دەژیم و نازانم چۆن ڕەفتار بکەم , لە گەڵ ئەوەشدا ناتوانم بەرەنگاری کەس و کارەکەم ببمەوە , چونکە ئەوان متمانەی تەواویان پێمە سەرەڕایی ئەوەی کە (27)ساڵ تەمەنمەومنداڵ نیم........

**بەرێزەكانم :**

پاش ئەوەی سیٚ ڕوداوی ڕاستەقینەت خوێندەوە كە مشتێكن لە خەرمانی ئەو ڕووداوانەی كە ڕۆژانەو بەردەوام دووبارە دەبنەوەو هەرجارەی كۆمەڵێك لە كچان و ئافرەتانی داوێن پاك دەبنە قوربانی , وە سوكایەتی بەهەست و شعوریان دەكرێت و سەرئەنجامیش یان كوشتن یان سجن كردن یان لەش فرۆشتن بەرۆكیان دەگرێت و دەبێت قایلیش بن بەو ژیانەو دوای ئەوەش هەمیشە بە داوین پیس و بەد ئەخلاق باس دەكرێن , پێویستە لەسەر تۆی بەرێز بەردەوام لە هەوڵی پارێزگاری كردن لە خۆتدا بیت لە هەموو ڕووە كانەوە , چونكە زۆرن ئەوانەی كە وەسفت دەكەن و خۆیان بە خزمەت كارت دەزانن تا ئەو كاتەی كە كاریان پێتە , لە هەمان كاتدا كەمن ئەوانەی كە بەڕاستی دڵسۆز و خە مخۆری ڕاستەقینەی تۆن , جا من وای بە پێویست دەزانم كە بەرێزتان بگەنە ئەو قەناعەتەی كە خۆتان بتوانن خزمەت كارو خەم خۆرو دڵسۆزی خۆتان بن بە یارمەتی لەگەڵ ئەوانەی كە یارمەتی دەرو پشتیوانی تۆن بە هەر ئەندازەیەك بێت بەرێزان حەزدەكەم پێكەوە لێكۆڵینەوە و شیكاریەك بكەین بۆ ئەو ڕووداوانەی كەبەسەر ئەو سیٚ كچە داوێن پاكەدا ڕوویدا كە ئەنجامێكی خراپی لێكەوتەوە , بەرێزان هەموومان دەزانین كە هەموو ڕووح لەبەرەكان هەست و غەریزەی جنسیان هەیە و كەم بێت یان زۆر بە تایبەتی تر لە توێژی مرۆڤەكاندا بە ڕوونی هەستی پیٚ دەكرێت, بە لاٚم ئەم توانایە لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر جیاوازە بە جیاوازی ئەو هۆكارانەی كە دەبنە هۆی بەرزو نزمی ئەو توانایە لە مرۆڤەكاندا,وەهەروەها زاڵ بوونیش بەسەر ئەوغەریزەیەدا دیسان لە نێوان كەسەكاندا جیاوازە, وە بەكارهێنانی ئەو غەریزە یەش و دەربڕینی لە لایەن كەسەكانەوە وەك یەك نیە , بۆیە ئەگەر بەشێوەی خراپ دەربڕیٚ ئەنجامی خراپی لێدەكەوێتەوە و بكەرەكەشی زۆر پەشیمان دەبێتەوە و هەست بە ئازارو ئەشكەنجەی ویژدانی دەكات , چونكە( كاری هەڵە لە ئەسڵدا لە گەڵ سروشتی مرۆڤەكاندا نەگونجاو و نەخوازراوە) بەلاٚم ئاگاداربە بەردەوام بوون لەسەر كاری هەڵە پەشیمانی و نیگەرانی و ئازارو ئەشكەنجە ی ویژدان ناهێڵێت, كاری هەڵە ئەنجام دان دەبێت بە بەشێك لە كارو بارەكانی ڕۆژانەی زۆر لای ئاسان دەبێتەوە , بەلاٚم هەركاتیٚ هەستت بەهەڵەكرد و زوو پەشیمان بوویتەوە لەو هەڵەیە ئەو كات دەبیت بە سەركەوتووترین كەس و داناترین كەس چونكە كەسی داناو سەركەوتوو ئەو كەسەیە كە سودو پەند لە هەڵەكانی وەربگرێت و جارێكی تر ناگەڕێتەوە سەری , باشە ئێستا با بپرسین ئایا بۆچی هاوڕێكانتان (ناسكەوشاگوڵ وفلاٚن)تووشی ئەو هەڵەیە بوون؟ ئایا هۆكاری ئەو هەڵەیە چی بوو ؟ بەچی نیازیك رازی بوون بۆ ئەوەی خۆشەویستی بكەن؟ ئایا ئەو مەبەستە چی بوو كە خۆیان لە پێناوی دا دا بە كوشت ؟ ئایا گەشتن بە ئەنجام ؟ ئایا چۆن ژیانیان بە جیٚ هێشت بەسەربەرزی و بەختەوەری یان ڕسوایی و بیٚ ڕێزی ؟ ئایا باجی هەڵەكانیان تەنها خۆیان دایان یان كەس و كاریشیان ؟ كیٚ زەرەرمەندی یەكەم بوو؟.

بەرێزەكانم وەلاٚمی پرسیارەكان ئاسانن لای هەمووتان پێش ئەوەی هەڵەكانیش ئەنجام بدەن هەروەلاٚمەكان دەزانن, بەلاٚم كێشەكە لەوەدایە ئەی بۆچی ناجح نابن؟ بۆ سەر كەوتوو نابن بۆچی دەبێت ببب بەقوربانی,

ئەزانن بۆ تووشی هەڵە بوون؟ چونکە سۆزداریان زاڵ بوو بەسەر ئەقڵ و بیرکردنەوەیاندا دوور بین نەبوون لەکاتی دانانی پلانەکانیاندا تەنها بیریان لە خۆشی یە کانیان دەکردەوە و ناخۆشیە کانیان لە بیر کردبوو تە نها خۆیان مەبەست بوو جگە لە خۆیان لە بیر کردبوو, تەنها بڕیاری خۆیان لا گرەنگ بوو, بڕیاری جگە لە خۆیان لا پەسەند نەبوو, وە هۆکاری تووش بوون بە هەڵەکانیان ئەوە بوو زوو بڕوایان کرد بە قسەو درۆکانی خۆشەویستەکانیان بێ تێگەشتن بێ شارەزابوون بێ ناسین بڕیاری خۆ تەسلیم بوونیان دا بێ ئەوەی لە مەبەستیان تێ بگەن وە بێ ئەوەی ماڵەوەیان ئاگادار بکەنەوە وە بێ ئەوەی بیربکەنەوە بێ ئەوەی بیر لە داهاتووی خۆیان بکەنەوە بە هەموو ڕێگەیەك ئامادە بوون بۆ ئەوەی رازی بن بەو خۆشەویستیە بۆیە سەرئەنجام ئەوە ڕوویدا کە نەبوو ڕووبدا, وە بە نیازی ئەوەی کە لەداهاتوودا لە گەڵ پیاوی خۆیاندا ژیان بەسەر بەرن و خزمەتی منداڵنی خۆیان بکەن و بەو هیوایە بگەن کە زۆر لە کچان خەونی پێ وە دەبینن کە ئەویش شوو کردنە بە کەسێکی چاك بۆیە حەزکردنیان بە شووکردن وایان لێ دەکات کە پەلە بکەن بۆ ئەو کارە بۆیە زۆرجار کۆنترۆی خۆیان بۆ ناکرێ و بە ڕێگەی هەڵە دا دەڕۆن, ئەو مەبەستەی کە خۆیان لە پێناویدا دانا لەبەر دەوڵەمەندی یان جوانی یان تێر کردنی غەریزەی جنسی یان بوولە گەڵ خۆشە ویستەکانیاندا بۆیە زۆر جار کچان بە دەوڵە مەندی یان جوانی یان زیرەکی کوڕان هەڵدەخەڵتێن و زوو بڕیاری ئەوە ئەدەن کە رازی بن بە خۆشەویستییەکی درۆینە,ئەو سێ کچە لەگەڵ ئەوەی کە رازی بوون بە هەموو ئەو سوکایەتییەی کە پیان کرا و ڕووزەردو ڕسوا بوون لە لایەن خۆشە ویستەکانیانەوە بەڵام نەگەشتن بەو ئەنجامەی کە ئەوان خەونیان پێ دەبینی بۆیە پاش ئەوەی ڕسواو سەرگەردان بوون کوشتنیان وبۆ هەتا هەتایە بێ هیوایان کردن, لەگەڵ ئەوەی کە نەگەشتن بە ئامانجی پیرۆ زی خۆیان کە پێکەوە ژیان بوو لەگەڵ خۆشەویستەکانیاندا بە ڕسوایی و کاسە بەتاڵی یەوە سەریان نایەوەو مردن یان بەتەمایی مردنن, تەنها باجی هەڵەکانیان بەمردنی خۆیان کۆتایی نەهات بەڵکو بنەماڵکەشیان بوونە قوربانی هەڵەکانیان بنەماڵەیەك تیاچوون و بنەماڵەیەکیش لە چاوەڕوانی تیاچووندا بوون بنەماڵیەکیش لە چاوەڕوانیدان بۆ ئەوەی ڕسوابن بەڵام هەرکاتێ کچە بیست و حەوت ساڵەکەیان ڕسوا بێت کە لەنێوان ترس و مردندا دەژیت, زەرەرمەندی یەکەم خۆیان بوون پاشان بنەماڵەکەیان پاشان گورگەکان دوایی ئەوەش ئێوەن ئەگەر بەشوێن پێ ی ئەواندا بڕۆن و سود لەهەڵە کانی ئەوان وەرنەگرن کە بەهۆیەوە سەرگەردان بوون, بۆیە بەڕێزەکانم من دەمەوێت لەکۆتایی ئەم بەشەشدا ئەوەت پێ بڵێم کە هەرگیز لووت بەرز مەبە لەئاست وەرگرتنی قسەی ڕاست و دروستدا جا هەرکەسێك پێت ڕابگەیەنێت بەمەرجێ سودبەخش و کاریگەربێت لەسەر ژیانت جا بەهەر زمانیك بوو لە هەرشوێنێکدابوو بەهەر مەبەستێك بوو بە جوانی خۆت بەشەهادەت بە دەوڵەمەندیت بە مەنسەبت بەزانست و زیرەکیت مەنازە و هەموو کات گوێبیستی قسەی ڕاست و باش بە بۆئەوەی تووشی هەڵەو کاری خراپ نەبیت, وەجارێکی تریش هیوادارم خویندنەوەی ئەم بەشەش گۆڕانکارییەکی لای بەڕێزت دروست کردبێت و تۆش لەو گۆڕانکاریە سودت وەرگرتبێت ............ بەهیوای هەمیشە سەربەرزیت

## بەشی سێ یەم: ئامۆژگاری

بەڕێزان پاش ئەوەی دووبەشی ڕابردووی ئەم نامیلکەیەت خوێندەوە کە بەشی (یادخستنەوە)و(ڕووداوەکان) بوو, ئێستا بەشی سێیەم دەخوێنیتەوەکەبەشی(ئامۆژگاری) یە, لەم بەشەشدا هەوڵمان داوە هەندێ ئامۆژگاری بەڕێزتان بکەین بۆ ئەوەی ئێوەی بەڕێز تووشی هەڵەو کاری خراپ نەبن بەهۆی کۆمەڵێ هۆکارەوە کە دەروازەیەکن بۆ ئەوەی لێیەوە بچنە ناو دونیایی تاوان و سەرلێ شێواوی یەوە, هۆکارەکانی هەڵەو تاوان زۆرن کە بەرۆکی مرۆڤەکان بەگشتی و توێژی ئافرەتان بەتایبەتی دەگرێت, زۆریك لە ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان بەرەو هەڵەو تاوان ڕاپێچ بکات نەخوازراوەو لەدەسەلأت و توانای کەسەکاندا نیە وپێ رازی نین کەبەسەریاندا دێت, لەگەڵ ئەوەشدا زۆر هۆکار هەن کە مرۆڤەکان خۆیان بەدەستی خۆیان بۆ خۆیانیان دروست دەکەن و بەرەو کاری نائاسایی و نەخوازراو ڕایان دەکێشێت, جا کەسی زاناو دانا ئەو کەسەیە کە خۆی بەدوور بگرێت لە هەر هۆکارێك یان هەرشتێك کە بەرەو کێشەو دەردەسەری بەرێت لەهەر شوێنێکدا بێت یان لەهەر کات و زەمانێکدا بێت, بەڕێزان بزانن کە زۆرترین کێشەی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتی کە بەرۆکیان دەگرێت سەرچاوەکەی‌یان بەهۆی (شەهوەت)یان (پارە)وەیە, بۆیە زۆربەی ئەوانەی‌کەتووشی کێشەو دەردەسەری بوونە بەهۆی (شەهوەت)وە توێژی ئافرەتانن, چونکە ڕێژەی حەزکردن بەشەهوەت بازی لە ئافرەتاندا زۆر زیاترە وەك لە پیاوان, بە پێچەوانەوە ڕێژەی حەزکردن بەپارە و کۆکردنەوە و هەڵگرتنی لە پیاواندا زیاترە وەك لە ئافرەتاندا, بۆیە پێویستە ئامۆژگاری بەڕێزتان بکرێت لەو ڕووە وەکە پێویستان پێیەتی کە ئەویش لە رووی( شەهوەت)ەوەیە, چونکە کێشەو گرفتی ئێوە ئا لێرەوە سەر هەڵدەدات وە پێویستە لەسەر کەسی چارەسەرکار پێش ئەوەی چارەسەرت بۆ دابنێت دەبێت لە کێشەکانت بگات ئەو هۆکارانە بزانێ کە سەرچاوەی کێشەکەیە, تا بتوانێ چارە سەرێکی چاك و سودبەخشت بۆ دابنێت و جارێکی تر تووشی کێشە نەبیت,بەڵێ بەڕێزەکانم وەکوووتمان هۆکارگەلێکی زۆر هەن کەئێوەی بەڕێز تووشی‌کێشەوگرفت دەکەن, بە شێوەیەکی گشتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕادیۆ. تەلە فزیۆن, سەتەلایت,هەروەهاڤیدۆسی‌دی,دی‌ڤیدی,ورۆژنامەکان و گۆڤارەکان وسایتەکانی ئینترنێت بە شێوەیەکی گشتی هۆکاری سەرەکی و کاریگەرن بۆ ئەوەی بەکارهێنەرانی تووشی کاری هەڵە و تاوان بکات وزیاتر لایەنی شەهوەتان بەرزدەکاتەوە, ئەگەر بەشێوەیەکی خراپ بەکارهێنران لەکاتێکدا دەبێت تۆ لەهەوڵی نزم کردنەوەی شەهوەت و حەزەکانتدا بیت, ئەمانە هۆکارە نەخوازراوەکانن, بەڵام بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی خراپ لەلایەن خۆتانەوەئەمە ئەو هۆکارانەیەکەخۆت بە دەستی خۆت دروستیان دەکەیت و بۆ ئەوەی بەرەو هەڵەت بەرێت, هەروەها بەڕێزان هۆکاری تریش هەن دیسان بەرەو خراپە کاری هەنگاوتان پێ دەنێن لەوانەش هاوڕێ ی خراپ و دوور لە ڕەوشت کە ئەمانەش ئەگەر ئاگاداریان نەبیت زیانتان پێ دەگەیەنن ولەبری ئەوەی یارمەتیتان بدەن بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبن کەچی هانت دەدەن بۆ ئەو کارە, هۆکاری تر ئەوەیە کە ئێوە زۆربە ساویلکەیی دەڕواننەبەرامبەرەکانتان بێ بیرکردنەوە بێ تاقی کردنەوە بێ تێ گەشتن

بڕیاری رازی بوون بە هەر كارێك دەدەن ئەگەر لە ئەنجامیشدا كوشتن یان سجن كردن یان ڕسوابوونیشی بە دواوە بێت,ئەم خاڵە ئێوەی كردوە بە بێ هێزترین كەس لای كوڕان ,.بۆیە زۆربەی كوڕانی ئارەزوو پەرست زۆربەی كات لەم دەرگایەوە هێرشتان دەكاتە سەرو ئامانجی خۆیان دەپێكن, هۆكاری تر كە بەرەو هەڵەت دەبات بێ كاریە, واتاخۆمەشغول نەكردن بە شتێكەوەجالەماڵدا بێت لە خوێندنگەدابێت لە زانكۆ وپەیمانگادابێت لە دائیرەو فەرمانگەكاندا بێت لە هەرشوێنێكدا بێت , چونكە خۆ مەشغول نەكردن بەهیچ شتێكەوە بوار بەنەفس دەدات كە تووشی چەندەها بیركردنەوەی سەیرو سەمەرەت بكات كە تەنها لەخەویك دەچێت لە ڕاستیدا بەڵام دەتباتە ناو دونیایەكی ئەفسوناوییەوە كە تیایدا چەندە خەون و خەیاڵ داتدەگرێت كاتێكیش بە ئاگادێیت تەماشادەكەیت كەتووشی چەندەها كێشەو گرفت بوویتە كەتوانایی چارەسەركردنیانت نابێت ئەمەجگەلەوەیتووشیچەندەها نەخۆشی دەروونی ڕەنگە بەدەنیشت بكات, هەروەها هۆكارێكی تر ئەوەیە زۆر جار كاتێك دەچیتە سەربانی ماڵەكەت یان دێیتە بەردەرگایی ماڵكەت یان كاتێك لەگەڕەكەكەتدا دادەنیشیت یان لە ناو زانكۆ یان لە حەوشەی فەرمانگەكەت یان لەناو بازاڕ یان لەناو پاركەكان و شوێن گشتییەكانی وەك ناو پاص یان نەخۆشخانە دادەنیشیت جۆرە هەڵسوكەوتێك ئەنجام دەدەیت كە زۆرجار سروشتی نیە, بەئەو هەڵسوكەوتانەت سەرنجی گەنجان بەلای خۆتادا ڕادەكێشیت تا ئەوكاتەی فێر دەبێت كە چۆن ئامانجی بپێكێ بەڕێزیشت هیچ چارێكت نامێنێ جگە لە ڕازیبوون بۆ خواستەكانی ئەودیارە ئەویش ئامانجێكی هەیە لەو خۆ مەشغوڵ كردنەی پێتەوە هەركاتی مەبەستی پێكا كاری ئەو تەواو دەبێت لە كۆتایشدا دەبێت خۆتان باجی ئەو هەڵانە بدەن, هەروەها بەڕێزان هۆكارێكی تر لەئەو هۆكارانەی كە سەرچاوەن بۆ ئەوەی بەرەو هەڵت بەرن ئەوەیە كاتێك لە ماڵ دەردەچیت بۆ بازاڕ یان بۆ فەرمانگە یان بۆ زانكۆ یان بۆ سەردانی كەسێكت یان هاوڕێ یەكت جۆرە پۆشاكێك لەبەر دەكەیت كە گونجاونیە لە گەڵ دینەكەت یان عورف و عادەتی كۆمەڵگەكەت, نە لاشەت بەئەو پۆشاكە ئیسراحەت دەكات نە ناخ و ویژدانیشت پێی خۆشە, بەم شێوەیە بەرامبەرەكەت بۆت دەڕوانیٚ وچەندەها تەعلیق و تانەوتەشەرت تێ دەگرێت, تۆش پاش چەند جارێ تەعلیق وەشاندن لێت ئەو كارەت لا ئاسایی دەبێت كە وای لێ هات ئەو كات دەبیت بەماڵ بۆیان تا وات لێ دەكەن بەرەو هەڵەت بەرن, ئەوكات تووش دەبیت و مەجبوریش دەبیت بەردەوام بیت لەسەر كاری نائاسایی و هەڵە, بە رێزان هۆكارێكی تر ئەوەیە زۆر جار بەهۆی لێك تێ نەگەشتنەوە لە یەكتری لە گەڵ هاوسەرت یان لەگەڵ ماڵەوەتان بە شەڕ دێیت ولەیەكتری زویر دەبن و سەرئەنجام لێیان دوور دەكەویتەوە و بیر لە هەڵهاتن دەكەیتەوە بۆ شوێنێكی نەخوازراو,پاش ئەوەی كە چاوی هاوسەرت یان ماڵەوەتان لەسەر نامێنێت ئەوكات كاتێكی شیاوە بۆتان تا بیر لە تاوان و كاری هەڵە بكەنەوە,ئەمەش بۆ ئەوەی بژێوی ڕۆژانەت دەست بكەوێت یان ئەوەتا كاری سواڵكردن دەكەن یان فێری لەش فرۆشی دەبن, بەڕێزان ئەمەسەرئەنجامەكەیەتی بۆئەوەی زیاتر دڵنیا بیت ڕووداوی ئەوكەسانە بخوێنەوە كە تووشی لەش فرۆشی بوونە, دەبینیت ئەوانە زۆربەیان بەهۆی كێشەیەكی خێزانی كە لە نێوانیان دا

ڕوویداوە تووش بوونە مەرجیش نیە خۆیان بەوكارە ڕازی بن, هۆكارێكی تر ئەوەیە كە بەڕێزتان شەرم ناكەن لە ماڵەوەتان و ترستان لە لێدان و قسە پێ وتن و ئابڕۆ چوون نییە, بۆیە زۆر بە ئازادانە هەوڵی ئەوەدەدەیت كە بەهەر ڕێگەیەك بیت حەزو ئارەزووەكانت تێر بكەیتبەلأمدوایىئەنجام دانی كاری هەڵە پەشیمان دەبیتەوەكە ڕەنگە سودیشی نەبێت بۆت, هۆكارێكی تر ئەوەیە بیر كردنەوەی سەیر سەیردەربارەی خۆت داتبگرێت بۆ نموونە بترسی لەوەی كە تۆ گەورەبووی ئیتر كەس نایەتە خوازبێنیت وكەس تۆی ناوێت لە ئەنجامدا دەبیتە گەورە كچ ودەمێنیتەوە,بۆیە دەڵێیت لە ئێستاوە هەوڵدەدەم بۆ ئەوەی شووبكەم ئیتر گوێ بەوە نادەی كە ئایە بەچ ڕێگەیەك و چۆن هەوڵ بدەیت,كام ڕێگەیە دەتگەیەنێتە ئامانج!كام ڕێگەش مەویستت دەكات,هۆكارێكی تر ئەوەیە كە مرۆڤەكان بەگشتیوتوێژی ئافرەت بەتایبەتی هەرگیز بیر لە ژیانی پاش مردن ناكەنەوە ترسیان نیە لەو سزاو تۆڵەیەیی كە لە دینەكانیاندا بۆیان دانراوە لەبەرامبەر ئەنجامدانی كاری هەڵەو لەهەمانكاتیشدا حەز بەو خۆشیە نەبڕاوانە ناكەن كە بۆ كەسی باش و چاك دانراوە كاتێ كاری جوان و چاك ئەنجام دەدات بە كورتی خاوەن دینەكان نە لە سزایی ئاگر دەترسن كە كاتێ كارێكی هەڵەو تاوان ئەنجام دەدەن نە ئومێدی پاداشتی گەورە دەكەن كەكاتێ كارێكی باش و چاك ئەنجام دەدەن ,تەنها هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی ئامانج لەیەك لاوە(تەنها لە دونیادا)وەوفەرامۆشكردنی لایەكی تر, توێژەكانیكۆمەڵ بەرەو بیری تاك لایەنانە دەبات, كە هەركاتێكیش لەیەك لایەوە ڕووانیت بۆ دەورووبەر ئەوكات دەكەویتە هەڵەیەكی گەورەوەوچارەسەریشی زۆرئاسان نابێت لە داهاتوودا , بۆیە ئەم خاڵەش دیسان دەتوانی وەكو هۆكارێك بۆ ئەنجام دانی كاری هەڵەو گوێ پێ نەدانی هەژمار بكرێت ,, بەڕێزەكانم هۆكاری تر زۆرن بۆ ئەوەی كە مرۆڤەكان بەرەو هەڵە بەرن بە تایبەتی تر ئافرەتان بەلأم ڕەنگە من تەنها دركم بەئەمەندە هۆكار كردبێت لەم كاتەدا كە خەریكی نوسینی ئەم پەرتووكەم بەلأم ڕەنگە بەڕێزتان زۆر هۆكاری تر بزانن كە سەرچاوەیە بۆ ئەنجام دانی كاری هەڵە لای ئافرەتان و ئێمە نەیزانین,بەلأم گرنگ ئەوەیەبەهەردوو لامان هەوڵ بدەین شارەزابین لەئەو هۆكارانەتابتوانین(پاش دراسە كردنو لێكۆڵینەوە) ,چارەسەرێك و پلانێكیبەسودیبۆدابڕێژین وئافرەتان لەو قەیرانانە ڕزگار بكەین كە ڕۆژانە دووچاری دەبێت, بۆ ئەوەی چیتر لاشەی ئەوان بازرگانی پێ وە نەكرێت و لەڕیزی مرۆڤایەتی وەدەرنەنرێت وبە هۆی هەڵەی نەخوازراوەوە تووشی كوشتن و سجن كردن و دەربەدەریو ئازارو ئەشكەنجە وسوكایەتی پێكردن نەبنەوە, دیارە سەركەوتی ئێمەش كاتێ دەستەبەر دەبێت كە چارەسەرەكانی ئێمە لەجێگەی خۆیدا بێت بۆ كێشەكان و وەلأم دانەوەی ئافرەتانیش بۆچارەسەرەكان بەپەلە بێت, بەڕێزەكانم پاش ئەوەی زۆر هۆكارمان زانیكە دەبنە هۆی ئەنجامدانی كاری هەڵەو نائاسایی لە توێژی ئافرەتاندا و زۆرێك لە كێشەو گرفتەكانیانمان زانی,, كاتی ئەوە هاتووە كە پێكەوە چارەسەرێك بۆ ئەوكێشەو گرفتانە دابنێین و هەوڵ بدەین ئەو هۆكارانەی كە سەرچاوەی هەڵە و كاری نائاساییە لای ئافرەتان نەیهێڵین یان ( لەڕووە خراپەكانیانەوە بۆ ڕووە باشەكانیان بیان گۆڕین),بۆ ئەوەی زۆرێك لە هۆكارەكان كە لە ئەسڵداشتێكی باشن لەبەرچاویان نەكەون لەلایەك

وبەشێوەیەكی جوانتر بەكاری بهێنن گەر شێوە باشەكانیان زانی لەلایەكی ترەوە ,, گەر ئافرەتان بە بیركردنەوەیەكی ڕاست گۆیانە بیریان كردەوە لە ژیانی خۆیان پاش ئەوەی هەڵەكانیان پیشان دراو كێشەكانیان خرایە ڕوو و چارەسەرەكانیشیان بۆ دانرا وە پەشیمانی خۆی دەربڕی لەكارە هەڵەكانی و هەوڵی دا چارەسەرەكان جێ بەجێ بكات ئەو كات ئومێدی زۆر كاری گەورەو سودبەخشی لێ دەكرێت لە داهاتوودا, وەدەتوانی وەكو مامۆستایەك یان كەسێكی تێگەشتوو پرسیاری ئاراستە بكرێت, چونكە ئەو بە هەموو ئەو قۆناغانەدا تێپەڕی كردوە و هەمووی تاقی كردۆتەوە پاش دڵنیا بوون بڕیاری پەشیمان بوونەوەی داوە, وە بش زانن كە ﴿كەسێك تامی تاڵی نە چەشتبێ قەدری شرینی نازانێ﴾, لە بەر ئەوە هەوڵ دەدەین چارەسەر بۆ كێشەكانتان دابنێنن تا ئێوە و هەموو ئافرەتانی دونیا لە زەلكاوی تاوان و تاوان كارییەوە بۆ باخچەی ئومێد و پڕ هیوا هەنگاو پێ بنێین ,بەڕێزان پێشتر باسمان كرد كە یە كێك لە هۆكارەكان كە خەڵكی و بە گشتی و توێژی ئافرەت بە تایبەتی تووشی هەڵەو تاوان دەكات كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و ئامێرە پێشكەوتووەكانی سەردەمن,بەڵێ بەڕێزان ئەمانە هۆكار گەلێكن گەر نەتزانی بە شێوەیەكی باش بەكاریان بهێنی زۆر زیانت پێ دەگەیەنن وبەرەو ئەنجام دانی كاری هەڵە راپێچت دەكەن,ئەگەر تۆ تەنها لە رادیۆدا گوێبیستی گۆرانی بیت و لە تەلەفزیۆنیش سەیری گۆرانی و كلیپی گۆرانی بێژان لەگەڵ بەرنامەی نابەجێ بكەیتو لە سەتەلایتیشدا تەماشای فلم وبەرنامەی ڕەوشت ڕووخێن بكەیتو لە ڕوژنامەو گۆڤارەكان و پەرتووكوكاندا بابەتی خراپ و بەد رەوشتی بخوێنیتەوە و لە ئینتەرنێتیشدا ماڵپەرە خراپ و بێ ڕەوشتەكان تەماشا بكەی و ڕوژانەش لە ماڵەوە كاسێتی بێ سودو بێ كەڵك بە( سی دی) و(دی ڤی دی) تەماشا بكەی , ئەوكاتە تۆ دەبیت بە دیلی دەستی ئەم بەڵایانەوناتوانیبەرەنگاریان ببیتەوە, تا لە دانەیەكیان خۆت ڕزگاردەكەی دانەیەكی تریان بەرۆكت دەگرێت,پاش ئەوەی كەنەتتوانی بەرامبەریان خۆ ڕابگری ئەوە كاریگەرییەكی زۆر توندو خراپت دەكەنە سەرو بەرەو سەدەها تاوان و هەڵەو كاری نائاسایی پەلكێشت دەكەن و سەدەها كێشەو گرفت و بەڵات تووش دەكەن و بەشێوەیەك كە هیچ تواناو دەسەڵاتت ناهێڵن تەنانەت بۆ بیر كردنەوە بۆ خۆدەرباز كردن لە كێشەكانت, بەڕێزان ئێمە ناڵێین بە هەموو شێوەیەك نزیكی ئەم ئامێرانە مەكەونەوە بەڵام ئەوە دەڵێین كە بە شێوەیەكی وا بەكاریان بهێنین كە زیان بۆ ئەخلاقیات و شەخسیات و كەسایەتیتان دروست نەكات, وە لایەنە باشەكانیان بە كاربهێنین چونكە سەدەها لایەنی باشەیان هەیە گەر ئێمە مەبەستمان بێت,بەڕاستی ئەمرۆ لە دونیادا دەزگاگانی ڕاگەیاندن بە دەسەڵاتیچوارەم ناوزەند دەكرێت لەبەر ئەو كاریگەرو دەسەڵاتەی كە هەیەتی, ئێمە لە قەدرو چاكەی ئەم ئامێرانە دانا گرین بەڵام لە هەمان كاتدا بە مەترسییەكی گەورەو كاریگەر دەیناسێنین ئەگەر نەتوانرا سودلەلایەنەباشەكانی وەربگیرێت بۆیە بەڕێزان باگاداربین لە بەكارهێنانیان ئەوەندە سەرسام نەبین پێیان و ئەوەندەش لامان بێ ڕێز نەبن كە هیچ بایەخێكیان نەمێنێت, بۆیە بەڕێزان بە كورتی چارەسەر بۆ ئەم هۆكارە بەكارهێنانی ئەم ئامێرانەیە بە شێوەیەك كە بگونجێت لەگەڵ ئەقڵیات و شەخسیات و كەسایەتی

مرۆڤەكان لەلایەك لە گەڵ ئاین وعورف وعاداتی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەدا لەلایەكی ترەوە بە شێوەیەك ناخت و ویژدانت سەلامەت بێت لە كاتی بە كارهێنانیاندا ,,, هۆكارێكی تر هاورێ ی خراپ بوو, بەرێزان ئێمە دەزانین كە ناتوانرێ تا سەر بە بێ هاورێ و برادەر بمێنیتەوە,چونكە تۆكاتێك لەناو كۆمەڵگایەكدا دەژیت تووشی چەندەها رووداو و كێشەی دەروونی وبەدەنی دەبیت لەماوەی ژیانتدا بۆ ئەوەی بەسەر ئەوكێشەو گرفتانەدا زاڵ بیت پێوست دەكات كە كەسێك هەبێت گوێت بۆ بگرێت یارمەتیت بدات رزگارت بكات لە كێشەكانت دڵ نەواییت بكات,دیارە باشترین كەسیش كە ئەم سیفەتانەی هەبێت پێش ئەوەی هیچ كەسێك بێت (هاورێ ) یە , چونكە هاورێ ئەو كەسەیە كە زیاتر لە هەموو كەسێك دەتوانی لە كێشەكانت بگات و هەرئەویشە كەدەتوانی زۆرێك لە كێشەكانت بۆ چارە سەر بكات,بەڵام كێشەكەلەوەدایە ئایا ئەوكەسەی كە تۆ هەڵیدەبژێری بە هاورێ شیاوی ئەو پۆستەیە كە تۆ پێ ی دەدەیت ؟؟ خاوەنی ئەو سیفەتە چاكانەیە كە پێویستە لە هاورێدا هەبێت ؟؟ چونكە بەواتایی ووشە هەریەك لە ئێمە هاورێ ی زۆرە و بەڵام بەواتایی كردەوە هاورێ ی كەمە, بۆیە زۆر هاورێ هەیە كە زۆتر لە دوژمنێكی سەرسەختت دەچێت وەك لەوەی لە هاورێت بچێت ئەوەی كە كاریی خراپ نەبێت پێت ناكات رێگەی خراپ و تاوان كاریت نیشان دەدات پێش ئەوەی كاری باش و چاكت نیشان بدات , بۆیە بە رێزان پێویستە بزانی كە هاورێكانت كێن لە كام كۆمەڵەن چونكە هاورێ ی خراپ جگە لە خراپە كاری و تاوانكاری هیچی تری لێ ناوەشێتەوە بۆیە بەرەو تاوانكاری بانگێشتت دەكات , بە كورتی چارەسەر بۆ ئەم هۆكارەش ئەوەیە هاورێ خراپەكانت فەرامۆش بكە ئەگەر زۆر نزیكیشن لێتەوە , وە هاورێ باشەكانیشت بایەخ پێ بدە ئەگەر دووریشن لێتەوە چونكە ئەمە رێگەی خۆشبەختی تۆیە لەداهاتوودا ,,هۆكارێكی تر ئەوە بوو كە بەرێزتان زۆر بە سادەیی و سانایی بیر دەكەنەوەو بریاری خێرا دەردەكەن بۆ كارەكانتان لە كاتێكدا ئەگەر زیانیشی هەبێت بۆتان , بە رێزان ئەم سیفەتەتان زۆر خراپە پێویستە ئاگاداری بن , ئەوەندە خۆش باوەر مەبن و یە كسەر بە قسەی بەرامبەرەكانتان باوەر مەكەن,بە تایبەتی تر كوران چونكە ئەوان زۆر زۆر فێڵبازو زمان لوس و قسە زانن, دەزانن لە چی دەرگایەكەوە بۆتان دێن,چونكە هەریەك لە ئێمە خاوەن ئەقل و خاوەن بیرە توانایی بیر كردنەوەمان ئەگەر بیكەینە كار زۆرە بۆ ئەوەی لە چوار دەورمان تێ بگەین, بە رێزەكانم بۆ ئەوەی لە ناخی بەرامبەرەكەتان تێبگەن ئەوە تاقی یان بكەنەوە بە هەموو شێوەیەك ئەگەر لە تەواوی تاقی كردنەوەكان سەركەوتوو بوو ئەوە دەشێ راستگۆ بێت لە گەڵتدا لە داهاتوودا بۆ هەر مەبەستێ كە تۆی لە پێناویدا دەوێت, بەڵام گەر سەركەوتوو نەبوو ئەوە دەست بە جێ لێ ی دوور بكەوە چونكە رەنگە ئەوە گورگێك بێت لەو گورگانەی كە لە پێستی مرۆڤدا خۆی حەشار داوەو چاوەرێ ی هەلە بۆ راوكردنت,كەواتەبەرێزان چارەسەر بۆ ئەم هۆكارەش ئەوەیە كە بە سادەیی و ساویلكەیی بیر مەكەنەوە دەربارەی هەموو شتێ,بەڵكوزۆربەجوانیوبەهێواشو ئاقلانە بیركردنەوەكانت دەستپێبكەوپاش دڵنیا بوون لەسود وەرگرتنت لەبیركردنەوەكانت و كۆتایی ئەو كارەی كە بیرت لێ كردوتەوە بریاری گونجاو وكۆتایی بدە, دڵنیا بن بەبێ

تاقی کردنەوەش ناتوانن پلەی یەقین و دلْنیایی بە دەست بهێنن چونکە (تاقی کردنەوە باشترین بەلْگەیە),, ئافرەتانی داوێن پاك یەکێکی تر لەهۆکارەکان (بیٚ کاری ) بوو, بەڕاستی ئەم هۆکارەش کاریگەرییەکی نەگەتیڤانەی هەیە لەسەر هەموو کەسیٚ, بەتایبەتی توێژی ئافرەتان, چونکە ئافرەتان کەمتر دەردەچن لەمالٚ وزۆرترین کاتەکانی ژیانیان لەمالْەوە بەسەر دەبەن ,وەکەمترتێکەلاٚوی‌خەلْکی دەبن و کەمتر شارەزایی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژانەن,ئەگەر بێت و رۆژانە لە مالْەوە یان لە دائیرەوە فەرمانگەکان یان لە زانکوٚ و پەیمانگاکان ئافرەتان زیاتر خۆیان مەشغول نەکەن بە شتێکەوە کە سەرقالْیان بکات و بیریان لەلایی شەهوەتیان نەمێنێت وەکو خوێندنەوەی پەرتووك و ڕۆژنامەکان و گۆڤارە سودبەخشەکانی ڕۆژانە و گوێگرتن لە بەرنامەی سودبەخشی ڕادێویی و سەیرکردنی بەرنامەی بە پێزی هەمەڕەنگی تەلە فزێنی یان کردنەوەو سەیرکردنی مالْپەڕی سودبەخش لە تۆڕی ئینتەرنێتی جیهانی ئەمانە لە لایەك و یارمەتی و هاوکاری دایك لە ڕاپەڕاندنی ئیش وکارەکانی ڕۆژانە و خاوێن کردنەوەو نوێکردنەوەی مالْەوە و شوشتنی قاپ وقاچاخ وجل وبەرگ و هەروەها ئامادەکردنی چێشت و سڕینەوەی دەرگاو پەنجەرەکان و شوشتنی ناومال ٚو سەردانی هاوسیٚ وجیران لەلایەکی ترەوە, ئەوە ناختان فرمانتان پیٚ دەکات بوٚ ئەنجام دانی کاری هەلْەو تاوانکاری وە بیرت بەلای سەدەهاکاری هەلْە وتاوان دەبات نازانی چی بکەی بێزار دەبی حەز دەکەی بچیتە دەرەوە حەزدەکەیی بچیتە سەربانی خانوەکەتان و گەڕەکەکەتان و چەندەها حەزی سەیرو سەمەرەت بوٚ دروست دەبێت و دەتەوێت ئەنجامی بدەی, بەهۆی بەرزبوونەوەی لایەنی شەهوەتوو و ئارەزووەکانتان, دیارە کاتێك شەهوەتی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە کە دەست بەتالٚ بێت و خەریکی هیچ شتیٚ نەبێت, بۆیە ئەم دەست بەتالْییە دەبێتە هۆکارێك بو ئەوەی بیر لە تاوان و خراپەکاری بکەیتەوە و لەوانەشە تووشی تاوەنەکەش ببیت , کەواتە بەکورتی چارەسەریش بوٚ ئەم کێشە بە شێوەیەکی ڕوون ئەوەیە خوٚت سەرقالٚ بکە بە شتێکی سود بەخشەوە, پێش ئەوەی سەرقالٚ بوون ناچارت بکات تا خوٚت سەرقالٚ بکەیی!, بەڕێزان هۆکارێکی تر لە هۆکارەکان کە باسمان کرد پێشتر ئەنجام دانی چەند هەلْسوکەوتێکی ناشرینە کە زۆر جار وا لە گەنج دەکات کە کاریگەری لەسەر درووست بکات و خوٚی مەشغولٚ بکات بە تۆوە وتاوایی لیٚ دێت پەیوەستی دەکەیتبە خوٚتەوە و لە کوٚلْت نابێتەوەو تا کاری خوٚی نەکات و ئابروٚت نەبات لەبەر ئەوە بەڕێزان ئاگاداری هەلْسوکەوت و ڕەفتارو ڕەوشتتان بن لە هەرشوێن وجێگەیەك بوون , ئیشارەت و چاوەبڕکیٚ و هەندیٚ کرداری تری ناشرین ئەنجام مەدە کە گەنج پێت فێر بێت و زیانت پیٚ بگەیەنیٚ, لەبەر ئەوە لەکاتی قسەدا لەگەلٚ هەرکەسێدا بوو جوان قسەبکەو ئەوەی پێویستە بیلْیٚ باس وخواسلەسەر شتیٚ مەکەن کەسەرنج ڕابکیشێت بوٚ تاوان و خراپەکاری, هەروەها لەگەلٚ هەموو کەسێکدا بە ئەدەب و ڕەوشت بەرزبە هەمیشە با خەلْکی بە باشە وچاکەکار باست بکەن , لەکاتی ڕۆشتنە رێوەدا بە جوانی و ڕێك و پێکی هەنگاو هەلْبێنە و تەماشای ئەملاو ئەولایی خوٚت مەکە, نەبادا لەکاتی تەماشاکردنت بوٚ خەلْکی وا لەئەوانیش بکەی کەتەماشات بکەن و لە ئەنجامی تەماشاکردنەوە بوٚ یەکتری لە داهاتوودا ببێتە هوٚی ئەنجام دانی کاری تاوان

و تاوانكاری, لەبەر ئەوە گەر تەماشایی بەر پێ ی خۆت بكەی باشترەو وبێ كێشە ترە, كەواتە بەرێزان چارەسەریش بۆ ئەم هۆكارەش ئەوەیە كە بەڕێزتان ئاگاداری هەڵس و كەوت و ئاكارورەوشت و ئەخلاقتان بن بوار مەدەن بەكەس كە سوكایەتیتان پێ بكات وتاوتەشەرتان لێ بدات و بەچاوی سوكەوە تەماشاتان بكەن چونكە ئێوە هەمیشە بەڕێزو گەورەو ئازیزن لەلای كەسانی خاوەن هەڵوێست و وەك خۆتان ڕەوشت جوان ,,,, هۆكارێكی تر ئەوەیە خاوەن شكۆكانم پۆشینی جلوبەرگی ((تەنك و تەسك و كورتە))لەلایەن ئێوەوەچونكەبەڕێزان پۆشینی ئەم جۆرە پۆشاكانە كە لەلایەن ئێوەوە دەپۆشرێت بەشێوەیەكی گشتی لایخەڵكانی دەورو بەرتان جێگەی قبوڵ كردنو وەرگرتن نییە, وەبەلای زۆربەی خەڵكییەوە واناسراوە كە هەركەسێك ئەم جۆرە پۆشاكانە بپۆشی ئەوە كەسێكی بەدرەوشت و بەدئەخلاقە,چونكەئەمجۆرە پۆشاكانە پۆشاكی بێ برِوایان و ئەوكەسانەن كەدەیانەوێ ئافرەت لە بەرگی مرۆڤایەتی دەركەن ولەگەڵ ئاژەڵاندا هەژماریان بكەنو وەكو ئاژەڵ ڕەفتاری لەگەڵ بكەن, هەروەها ئەم جۆرە پۆشاكانە نامۆیە بە دینەكەت بە عورف وعادەت و تەقالیدی كۆمەڵگەكەت و نەتەوەكەت و ولأتەكەت,لەبەرئەمەیە كەزۆرجار ئافرەتان و بەتایبەتی تر ئافرەتانی پۆشەری ئەم جۆرە پۆشاكانە لەناو خەڵكیدا سوك و ڕسوان و بێ ڕێزن وەبەردەوام چاوی گورگانی لەسەرە سەرەتا بە تەعلیق وەشاندن ودواتر بە شتی تر ئەو ئافرەتانە ماڵی دەكەن و پاش تەواو تێ گەشتن لێیان زیرەیان لێ بەرز دەكەنەوەو ئەوەندەی تر بەر نەفرەتی خەڵك و كۆمەڵگەیان دەخەن, كەواتە چارەسەر بۆ ئەم هۆكارەش ئەوەیە بەرێزان ئێوە هەوڵ بدەن پۆشاكێ بپۆشن كەلەگەڵ دینەك دەگونجێ ئەگەر موسڵمانی وەلەگەڵ عورف وتەقالیدی كۆمەڵگەگەت بگونجێ ئەگەر ئەهلی ئیسلام وموسڵمان نیت بۆ ئەوەی بەشێوەیەك بیت كە خەڵكی تانەو تەشەرت لێ نەدەن و بە كەسێكی بێ ڕەوشت باست نەكەن و سوكایەتیت پێ نەكە,بەڕێزان من واهەست دەكەم زۆر لەو ئافرەتە ڕەوشت بەرزانەی كە ئەم جۆرە پۆشاكانە دەپۆشن پێ ی ڕازی نین و پێیان ناخۆشە كاتێ دەیپۆشن بەڵام بەهۆی ئەوەی كە گاڵتەی پێ نەكەن و بەكەسێكی عەشایر لەقەڵەمی نەدەن ناچار بۆ ڕەددانەوەی ئەوانە مەجبور دەبن بیپۆشن,بەڕاستیبەڕێزەكانم دەزانم كەتۆ مەبەستت ڕازی كردنی خەڵكی یە لەخۆت بەڵام دڵنیاش بە گەر كۆمەڵێكشت ڕازیكردلەخۆت بەپۆشینی ئەوپۆشاكە,لەهەمان كاتدا كۆمەڵێكیشت لێ دەڕەنجی هەر لەبەرخاتری پۆشینی ئەو پۆشاكە,كەواتە بەڕێزەكەم خۆت بەراوردی ئەو دووكۆمەڵە بكە بزانە كامیان باشترە؟ حەز دەكەی كام كۆمەڵە لەخۆت ڕازی بكەی بەتایبەتی كە بەڕێزت ڕەنگە موسڵمان بیت و لەدینەكەی تۆشدا كەئیسلامە فەرمانت بەوە پێكراوە كە دەبێت پۆشتە بیت و بەرامبەر ئەوەش مژدەی بەهەشتت پێ دراوە گەر بەردەوام بیت لەسەر پۆشینی ئەو پۆشاكە شەرعییەی كە بۆت دانراوە, دوایی ئەوەش بزانە كاتێ تۆ ئەو پۆشاكەدەپۆشیكە((تەنك وتەسك وكورتە تاچەندێ دەروونت مورتاح و ویژدانت سەلامەت و لاشەت ئیسراحەتە؟تاچەندێ دڵخۆش كاتێ ئەوپۆشاكەدەپۆشیت و هەموو لاشەت بەدەرەو هەموو كەسێ تەماشات دەكات و تانەو تاشەرت لێ دەدەن ؟ ئایی چەند ناخۆشە و چەند عەیب و ئابرۆچوونە

بۆ کەسێ خۆی بانگی خەڵکی بکات و بڵێ خەڵکینە وەرن تەماشایی گیان و عەورەت و جسمم بکەن تادەتوانن سەیری بکەن وتەعلیق و قسەی ناشرینم پێ بڵێن ! چۆن دەتانەوێ سەیرم بکەن و لەناو خەڵکیدا باسم بکەن ! بەڕێزەکانم با لە واقیعدا واش نەڵێیت بەڵام لاشەت خۆی هاوار دەکات و بانگی خەڵکی دەکات بەڵام تۆ خۆت نابیستی و بیر ناکەیتەوە ولات گرنگ نیە, قەناعەتتان هەبێت بەڕێزەکانم خۆ ڕووت کردنەوە واتایی پێش کەوتن وشارستانیەت نییەئەگەرخۆڕووت کردنەوە واتایی پێشکەوتن بێت لە زهن و بیری هەندێ کەسدا ئەوە پەرژین بێت لە ڕووی بەڕێزتاندا ئاژەڵان وحیوانات پێش کەوتووترین دروستکراون گەر ئێوە هەندێ شتیشتان لەبەر ماوەبەڵام خۆ ئەوان هەرهیچیان لەبەردانیە لەبەر ئەوە ئێوە پێش ئەوەی هیچ شتێك بن مرۆڤن بۆ هیچ کەسێکیش ڕەوا نییە ئێوە لە پلەی مرۆڤاییەتییەوە داگرێت بۆ پلەی ئاژەڵان وحیوانات,هیچ کەسێکیش ناتوانێ ئەوکارە بکات جگەلەیەك کەس کە ئەویش ...؟, هەروەها بەڕێزان هۆکارێکی تر کە بەرەو هەڵەو تاوانکاریی پەلکێش دەکات ئەوەیە کە ئێوە بەشەڕ بێن لە گەڵ هاوسەرەکانتان یان ماڵەوەتان لەسەر کێشەیەك یان گرفتێك کە ڕوودەدات, دیارە ئەمەش لەئەنجامی لێك تێنەگشتن لەیەکتری ڕوودەدات ودەرئەنجامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە کە ڕەنگە لێکترازان و لێکجیا بوونەوەی بەدواوەبێت لەداهاتوودا,یان دوورکەوتنەوە و دورە پەرێزی بەدواوە بێت لەماڵەوە,بۆیە چارەسەرمان بۆ ئەم کێشەیە ئەوەیە کە داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە ئارام بگرن لەسەرئەوکێشانەی کەڕوودەدات لەنێوانتاندا وە هەوڵبدەن لەیەك تێ بگەن پێش ئەوەی بڕیار بدەن بەسەر شتەکاندا وە دواداچون بکەن بۆ هەواڵەکان کە دەربارەی یەکترئارەستەتان دەکرێت وە پێش ئەوەی لەیەك بڕەنجێن پێویستە بزان لەسەر چی لەبەر خاتری چی نێوانی خۆتان تێك دەدەن وەپێویستە دوژمنانتان زیاتر لە خوتان بناسن بۆ ئەوەی نەتوانێ زیانتان پێ بگەیەنێ,بەڕێزان گەر نەتان توانی بەسەر کێشەکانتاندا زاڵ بن ئەوە بێگومان لێك جیابوونەوە ڕوودەدات وبەیەکجاری دەست بەرداری یەکتری دەبن , پاش ئەوەی کەجیاش بوونەوەو لەماڵ دوورکەوتنەوە لەو کاتەدا تاکڕەوانە بیر دەکەنەوەو سنورێك بۆ بیرکردنەوەکانتان دانانێن تالەداهاتوودا دەکەونە داوی تاوان و خراپەکارییەوەو هەرئەوەندە کە فێری کاری خراپ بوویت پاش ئەوەی کەترسی پیاوەکەت یان ماڵەوەت لەسەر نامێنێ ئیتر وازی لێ ناهێنی و دەست بەرداری نابیت تا بەیەکجاری لەناو دەریایی تاوان و خراپەکاریدا نقوم دەبیت و سەڕشۆڕو سەرگەردان و بێ کەس دەمێنیتەوە و تاکە هیوایەتێکیشت کە هەیە لەوکاتەدا تەنها مردنە , کە بەڕاستی کۆتایی یەکی خراپە گەرکۆتایی ژیانت بەوشێوەیە بێت بۆیە بەڕێزەکانم هەوڵ بدەن پێش بەم کارە بگرن چونکە لەسەرەتادا دەتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێت هەرچەندە گەورەو ناڕەحەت بێت,بەڵام کەکارلەکاربترازێ ئەوکاتچارەسەر تۆزێك قورس و ناڕەحەتە بەڵام لەوکاتەشدا نابێت بێ ئومێد بیت چونکە گرفت نییە چارەسەری نەبێت , ئەگەر کەسی خاوەن شارەزا ولێهاتوو چارەسەری بۆ دابنێت ,,,.......خوشکانی ئازیز یەکێکی تر لە هۆکارەکان ئەوەیە کە شەرم نەکەیت لەهیچ کەس و هیچ شتێ کاتێ ویستت کارێك بکەیت یان قسە وگوفتارێك بڵێیت , وە دەربەسی تاوان و خراپەکاری نەیەیت لەهیچ کات و ساتێکدا , چونکە یەکێك لە

شیعارە گەوەرەو بەرزەكانی ژیان كە هەموو پێغەمبەران( علیه السلام) , بەردەوام دەیان ووتەوە وئامۆژگاری شوێنكەوتوانیان پێ دەكردن ئەوەیە كە((هەركاتێ شەرمت نەكرد لەوەی كەدەیلێیت و دەیكەیت هەرچی دەكەیت بیكە وبیلێ )), واتا ئەگەر هەركەسێ شەرمی نەكرد لەوەی كەدەیكات و دەیلێت چاوەڕێ ی هەموو كاروگوفتارێكی خراپ وتاوانی لێ دەكرێت كە بیلێت بیكات لەهەمووكات وساتێكدا , كەواتە بەڕێزەكانم ئامۆژگاری وچارەسەرمان بۆتان ئەوەیە كە پێویستە شەرم وحەیا بكەنە دەستووری ژیانتان و وێردی سەرزمانتان و ناسنامەی كەسایەتیتان وپێناسەی خۆتان,بۆ ئەوەی بەردەوام سەربەرزو بەڕێزو سەرفرازبن و لەتاوان وخراپەكاری بەدوور بن, لە پێشدا لەخوای پەروەردگارشەرم وحەیا بكەپاشان لەئاین وبەرنامەی ژیانت وپاشان كەسانی گەورەتر لەخۆتان وەكو دایكوباوك ومام وخاڵ و مامۆستاو دكتۆرو پاشان كەسانی تر بەشێوەیەكی گشتی,چونكە بەڕێزان گەر ئێوە خاوەن شكۆوبەحیاو حورمەت بن هەرگیز ڕووت نایەت كاری خراپ و ناپەسەندئەنجام بدەی بەرامبەر هیچ كەسێ وە لەهیچ كات وساتێكدا ئەمەش باشترین خەلأت ودیاریە كەپێت ببەخشرێت  لەهەمووژیاندا دیارە هەرئەمەش مەبەستەكەیە كە لەپێناویدا كاردەكەین و هەوڵی بۆ دەدەین ,,,, بەڕێزەكانم دوا هۆكار ئەوەیە كە بەڕێزتان بیر لەوە دەكەنەوە ئەگەر بێت ولە منداڵییەوە هەوڵ نەدەی بۆ ئەوەی هاوسەری ژیانتان بدۆزنەوە بۆ داهاتووتان بەخەیاڵی خۆتان لە داهاتوودا كەس نایەتە خوازبێنیتان و بەگەورەكچی دەمێننەوە وئیتر كەس ناتوان خوازێت, بۆیە من وادەبینم و واهەست دەكەم هەریەكەتان لەلایەكەوە هەوڵ دەدەن هەندێكتان لە دائیرەوفەرمانگەكان هەندێكی ترتان لە زانكۆ وپەیمانگاكان وهەندێكی ترلەكۆلأن وگەڕەكەكان و هەندێكی ترتان لەبازاڕەكان و هەندێكی ترتان لەڕێگەی موبایل و بەرنامەی(چات)ی ئینتەرنێتەوە هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی پیاوێك بدۆزنەوەو پەیمانیان لێ وەرگرن بۆ ئەوەی شویان پێ بكەن, بۆیە لەوپێناوەشدا زۆرجار

دەبیتە قوربانی و ناگەیتە ئامانج و مەبەستی خۆت لەبەر ئەوەی كە خۆشەویستەكەت یان بەواتایەكی تر پیاوەكەی داهاتووت خیانەت لێ دەكات و دەستت دەبڕێت,چونكە ئەمڕۆ لەگەڵ تۆدایەو سبەی لەگەڵ یەكێكی ترو دووسبەی لەگەڵ یەكێكی تردایە, بێ ئەوەی لات گرنگ بێت ئایا ئەوە كەسەی كە خۆشت دەوێت كێیەو كاری چییەو ئەخلاق و ڕەوشتی چۆنە وهەڵسوكەوتی چۆنە یەكسەر ڕازی دەبیت كە خۆتی پێ تەسلیم دەكەیی وەك ئەوەی كە ئێوە زۆر خۆتان بەكەم و بێڕێزبن, بۆیە بەوشێوەیە هەوڵدەدەن وخۆتان سەرف دەكەن,خوشكە بەڕێزەكانم دڵنیابن ئەم جۆرە بیر كردنەوانە زۆر هەڵەیە كە تۆی بەڕێز لەوتەمەنەوە خۆتی پێ سەرقاڵ بكەی , چونكە چارەنووسی هەموو بەندەكان بەدەست خوایی گەورەو میهرەبانە وەیە خۆی دەزانێ كێ بۆكێ باشەو كێش بۆكێ خراپەو نەشیاوە, ڕاستە هەوڵدان كارێكی پیرۆز وشیاوە بەلأم مەرج نیە كەتۆ هەوڵ بۆ هەرشتێك بدەی ئیلا دەبێت بەنسیبت بێت نەخێر , چونكە تۆ نازانی خێرو چاكە بە چی شتێكەوەیە , زۆر جار تۆ حەز دەكەیت كەئیشێكت بۆ برەخسێ بەلأم تەماشادەكەیی بۆت ناڕەخسێ تۆ نابێت دڵگران و بێزار بیت, چونكە خوای گەورە لە پەرتووكی قورئانی پیرۆزدا لە ئایەتێكیدا دەفەرموێت: ﴿

وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ ﴾ (البقرة /216) . واته:(( ئێوه زۆرجارڕقتان له ئیشێكه كه بۆتان بگونجێ بەلآم له ڕاستیدا خێری تێدایه كه بۆتان بگونجێ , وه زۆرجاریش حەزتان له كارێكه كه ببێت بەلآم شەڕی تێدایه گەربگونجی,چونكه هەموو ئەمانه خوا دەیزانێ و ئێوه نایزانن )), زۆر كەسمان دیت كه زۆر هەوڵیان دا تاسەرنجی كوڕان بۆلای خۆیان ڕاكێشن بەو مەبەستەی كه هەیانه بەلآم له كۆتایدا نەك بە مەرامیان نەگەشتن بەڵكو تەواو بێ ئومێدیان كردن پاش ئەوەی كه خیانەتیان لێ كردن, بەڕێزەكانم ئێمه بەو شێوەیه له ئێوه تێ نەگەشتووین كه ئێوه بێڕێزو بێ نرخ بن تابەزۆر خۆتان سەرف كەن, بەڵكو وا تێگەشتووین كه چەندێ ئێمه گرنگ بین لای ئێوه هێندەی ئەوەش وزیاتریش ئێوه گرنگن لای ئێمه,چەندێ ئێوه هەوڵدەدەن كەئێمه ڕازی بكەن تاشومان پێ بكەن هێندەی ئەوەش ئێمه حەز دەكەین ئافرەتێكی ڕێك و پێك و چاك و خاوەن دین وخاوەن شكۆو خاوەن حەیاوحورمەتمان دەسكەوێت تاشومان پێ بكات,خوشكه بەڕێزەكانمان دڵنیا بن چەندێكوڕان حەز دەكەن كه ئافرەتی سفورو بێ ڕەوشت مارەبكەن وبیخوازن سەدئەوەندەی ئەوه حەز به خوازبێنی ئافرەتانی ڕەوشت بەرزو خاوەن شەرم وشكۆ دەكەن تا بیخوازن و له داهاتوودا ژیانیان لەگەڵ بگوزەرێنن , وەهیچ كاتێكیش بۆ دەستكەوتنی ئەم جۆره ئافرەتانه كه ئەو سیفەته جوانانەیان هەیه گوێ بەتەمەن و جوانی و دەوڵەمەندی و شەهادەو مەنسەب نادەن, بەڵكو زۆر جار خۆیان حەز دەكەن تاڕادەیەكیش تەمەنیان هەبێت چونكه زیاتر له ژیان تێ گەشتوونەو زیاتر دەتوانن لەگەڵ ژیاندا هەڵكەن , بەڕێزەكانم دڵنیابن ژن هێنان لای پیاوان تەنها بۆ تێركردنی غەریزەی جنسییان نیه وەك لای ئافرەتان زانراوه, چونكه پێش ئەوەی لەبیری ئەوەدابێت غەریزەی جنسیتێر بكات له هەوڵی دروست كردنی ژیاندایه له گەڵ هاوسەری تازەیدا لەهەوڵی دروست كردنی خانوو و دۆزینەوەی كاردایه بۆ ئەوەی ژیانی پڕ بكات له خۆشی و بەختیاری و سەرفرازی له داهاتوودا,بۆیه بەڕێزەكانم ئامۆژگاریم بۆتان ئەوەیه واز لەو بیر كردنەوه سەیرو نابەجێیانه بهێنه كەهیچ سودو بایەخێكی بۆت نیه له داهاتوودا تۆكاری خۆت بكه و خۆت سەربەرزو ڕەوشت بەرز ڕابگره له ئێستادا كۆتایی كارەكەشت و داهاتووی خۆت به خوا بسپێره چونكه ئەو زانا و كاربەجێیەو خەیاڵت تەخت و ئاسودەبكه چونكه خوای پەروەردگار بەندەكانی خۆی هەرگیز له یاد ناكات به مەرجێ تۆش له هیچ شوێن و كاتێكدا ئەو له یاد نەكەی ,, بەڕێزەكانم خوشكانی ئازیزم ئەمه له گرنگ ترین ئەوهۆكارانه بوون كه ئێوەی گوڵ بەرەو تاوان و كاری خراپ و نابەجێ ڕاپێچ دەكات , وه دیسان ئەمه له گرنگ ترین ئەو چارەسەرانه بوون كه وەكو ڕێگه چارەیەك بۆ وازهێنان و خۆپاراستن له تاوان وكاری هەڵه پێش كەشتان كرا,ئومێده وارم توانیبێتم خزمەتێكی ئێوەی خۆشەویست و بەڕێزم كردبێت و وەكو خزمەت كارێك له خزمەتتاندا بووبێتم لەم ماوەیەیی كه ئەم نوسراوەم بۆ نوسین, وه ئومێدەوارم ئەم نامیلكەیه جێگەی سودو ڕەزامەندی ئێوی بەڕێزم بووبێت وه هۆكارێك بێت بۆ گەڕانەوەی خوشكانی بێ ئاگامان له ئەنجام دانی كاری هەڵەو تاوانكاری بۆ سەر ڕێبازی ڕاستی و بەختەوەریو خۆشبەختی و ئاسودەیی, كەئاواتی گەورەو بەرزی منه ,,,, بەڕێزەكانم پاش

ئەوەی کە هۆکارەکانی تاوان و خراپەکاریت زانی کە بەشێوەیەکی گشتی کە باسمان کرد , پێویستە ئێوە لەمەودوا زیاتر لە هەموو کاتێك ئاگاداری خۆتان بن و چاودێری یەکی بەردەوامی خۆتان بکەن لە هەموو ڕووەکانەوە وە پێویستە پەیڕەوی چارەسەرەکان بکەیت و بەجوانی و ڕێك و پێکی جێ بەجێ یان بکەن , بۆ ئەوەی هەمیشە بە سەربەرزی و بەختەوەرانە بژین , وە بە ڕێزەکم دەمەوێت لەدوا پەیڤ ودێڕی ئەم نامیلکەیەدا هەندێ ئامۆژگاری سودبەخشتان بەشێوەیەکی گشتی پێشکەش بکەم تا وەکو گولێکی جوان بە دیاری لێمی وەربگرن و ببێتە مایەیی دڵخۆشی و ئاسودەیی ئێوە لە داهاتوودا , خوشکانی ئازیزم بزانن کە هەریەکە لەمرۆڤەکان لەهەوڵی ئەوەدان کەهەمیشە سەرکەوت و بەختەوەربن وە هەریەکەیان بەشێوازێك و بەرێگەیەك هەوڵی بەدەست هێنانی ئەدەن , جا هەیانە سەرکەوت و دەبێت هەشیانە فەشەل دەهێنێت , جائەوەی لەسەر ئێوەیە بۆ ئەوەی سەرکەوت و بن بڕوا بەخۆبوونە کەگەورەترین وکاریگەرترین هۆکارو ڕێگەچارەی گونجاوە بۆ سەرکەوتن وسەفرازی لە هەموو کات وساتێکدا وە لەهەموو شوێن وجێگەیەکدا ,بزانە کە هەرکاتێ هیوا (بڕوابەخۆبوون)لە ژیاندا کۆتایی پێ هات ئەوکات مردنی حەقیقی دەست پێ دەکات, وە هەمیشە دەبێت لەهەوڵ و کارکردندا بیت لە ژیاندا هیچ کاتێ لەهەڵە کردن مەترسە و بیریشی لێ مەکەرەوە کاتێ ویستت کارێکی شیاو و گونجاو یان قسەیەکی چاك وسودبەخش بکەی یان بیڵێ ی,چونکە شتی شیاو بۆ شوێنی شیاوە, وە گەورەترین هەڵەش ئەوەیە کەتۆ بەردەوام بیر لەهەڵە کردن بکەیتەوە لە سنوری کارەکانتدا, کەواتە بۆ هەموو کات وساتێ بڕوات بەخۆت هەبێت و هەرگیزمەویست مەبە لەهەوڵدانت بۆ بەدەست هێنانی حەزێك یان خۆزگەیەکت کە واقعی و گونجاوە بۆ ڕوودان,هەروەها نەبوونی ئامانج وکارنەکردن بۆی لە ژیاندا گەورەترین و سەرەکی ترین کارە کە مرۆڤ بێ ئومێد و ڕەش بین دەکات, جا بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانین ئامانجەکانمان دەست نیشان بکەین, باشتر وایە تەماشایی بەرهەمەکەی بکەین بزانین دەمان گەیەنێتە شوێن ومەبەستی شیاو,ئەمە گەورەترین و سەرەکی ترین خاڵە کە مرۆڤە ژیرو هۆشمەندەکان پەیڕەوی دەکەن , وەتۆ ئێستا گەشتیتە قەناعەت کە ئامانجت دەست نیشان بکەیت , بەڵام لێرەدا تۆ دەبێت بەرنامەو نەخشەت هەبێت بۆ ئەوەی چۆن هەنگاو بهاوێژیت وڕۆژانە نەخشەکە لە گەشتن بە ئامانجەکانت نزیکت بکاتەوە,بۆئەمەش جوانترین وباشترینە نەخشەبۆ هەرئامانجێك و هەر سەرکەوتنێك پێم وایە هەر ئەم چوار خاڵەیە :—بڕیار دان لەسەری ,,, کارکردن لەسەری ,,,,, بەردەوام بوون لە سەری ,,,, ئارام گرتنە لە سەری ,,, وە ئەوەش بزانە کە گەورەترین جیاوازی لە نێوان مرۆڤ وئاژەڵدا تەنها لە ئەقڵ و هۆشدا نیە, بەڵکو بڕیاردان وئیرادەیە,,وەئەوەشبزانن کە مهارات ولێهاتووەکان ٪1ی خواکردیە لە ٪99 ی بەرهەمی هەوڵ وکۆششکانە, متمانە بەخۆبوونیش یەکێکە لەوشتانەی کە بەهۆی هەوڵ وکۆششانی زۆر بەدەست دێت , ئەوەتا لەهەرکەسێکی سەرکەوتوو بپرسی چۆن گەشتیت بەوپلە بەرزو سەرکەوتنە لەوەڵامدا دەڵێت:(دوایی تێپەڕ بوون بە دەریایەك لە کێشەو کۆسپ و بەربەست پاشان گەشتم بە کەناری سەرکەوتن وئارامی),کەواتە بەڕێزەکانم ئێوەش هەوڵ بدەن بۆ بەدەست هێنانی ئەوسیفەتە جوانە کە متمانە بەخۆبوونە

و هەرگیزدەست بەرداری مەبە چونكە بڕوا بەخۆبوون واتایی هەست كردن بەبوونی خۆت , هەركەسێكیش هەستی بە بوونی خۆی كرد ناهێڵێ هەرگیز خۆی وون بكات, ئێستا چەند ڕێگەیەكت پێ دەڵێم كە زیاتر متمانەت بەخۆت پێ پەیدا دەبێت لەو ڕێگایانەش :

1- ناسینی خود (واتا زاتی خۆت) و دەست نیشان كردنی خاڵی لاوازو بەهێزی ناو ناخی خۆت .
2- كێشانی وێنەو دیاری كردنی شێوازی ئەوكەسایەتییەی كە دەتەوێت ببینی , لە هزرو بیرو مێشكی خۆتدا.
3- بوونی ئامانجی هەرەبەرزو هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانیان.
4- هەست كردن بەبەرپرسیاریتی بەرامبەرخواو پاشان خەڵكی
5- هەست كردن بەرامبەر پێویستی و گۆڕانكاری.
6- بەردەوامی و كۆڵنەدان.
7- بەردەوام بیر لە سەركەوتن بكەوەو وەكو ئەوەی كە هەرگیز تووشی شكست نابیت .
8- چاو لە كەسانی سەركەوتوو بكەو سود لەئەزموونەكانیان وەربگرە.
9- سەرەتا بۆ ئەوەی كارە قورسەكانیشت بۆ ئاسان بێت لەو شتانەوە دەست پێ بكە كە جێ بەجێ كردنیان ئاسانە .
10- بەحیكمەت وكارجوانی وژیرانە ڕووبوڕووی كاردانەوەكان وفشارەكان ببەوە .
11- هەردەم لە كارەكانتدا پێش بینی بەدەست هێنانی  شتی قورس و سەرسوڕهێنەر بكە .
12- لەخۆ پرسینەوەو بە خۆدا چونەوە .
13- گرنگی دان بە كورتی و پوختی لە كاردا نەك زۆری و بۆر
14- فێری ڕاوێژ كردن بە خەڵكی بەو خۆتی لەسەر ڕابهێنە .
15- دانانی نەخشەو پلان بۆكارەكانت بەبەردەوامی .

بەڕێزەكانم كاتێ ئێوە توانیتان متمانەودڵنیایی بۆخۆتان پەیدابكەن ئەوكات چاوەڕوانی زۆر شتی گەورەو سودبەخشتان لێ دەكرێت سەرەتا بۆ خۆتان پاشانیش بۆ چوار دەورتان,كەسێك متمانەی بۆ دروست بووبێت هەرگیز لە هەوڵدانی بۆ بەدەست هێنانی كەسایەتییەكی بەڕێزوسەربەرز كۆڵ نادات وكاتێكیش گەشت بەو پلەیە هەرگیز دەست بەرداری نابێت, بۆیە بەڕێزەكانم فێری ئەوەبە كەخۆت ڕابهێنیت لەسەر ئەوەی كە بە متمانەوە هەنگاوهەڵنێیت بۆكارەكانت بۆبیركردنەوەكانت بۆ خۆزگەكانت, هەرگیز خۆت بەكەسێكی ژمارە دوو لەقەڵەم مەدە و خۆت مەدە دەست نەفست و مەبە دیلی ئارەزووەكانت و لەواتایی ژیان(بەڕاستەقینەیی), تێبگە,جارێكی ترسەربەرزیبەبەردەوامی,بەختەوەری بەبەردەوامی , ئاسودەیی بەبەردەوامی ,

سەركەوتنتان بەبەردەوامی بەئاوات بۆ دەخوازم و هەروەها دەریایەك لە ڕێزوخۆشەویستی و وەفاداری و دڵسۆزیتان بەدیاری پێشكەش دەكەم و هەمیشە سەركەوتنتان بە ئاوات بۆ دەخوازم....

## ﴿ واخر دعوانا ان الحمدالله رب العالمين ﴾

بۆزانیاری زیاتروسوودوەرگرتنی زیاتر دەربارەی ئەوبابەت وپەرتووكانەی كە باسی ئافرەتان و خوشكان دەكات لەهەموو بوارەكانەوە دەتوانن سەردانی ئەم دوو ماڵپەڕە بكەن كەكۆمەڵێ پەرتووكی زۆرچاك وباشی تێدایە بۆبەڕێزتان كەدەتوانن سودیان لێ وەربگرن ..

www.iman1.com
www.ba8.org
www.r-rast.com

## سەر چاوەكان:

1-گوڵی كۆمەڵگە: بەرگی یەكەم: باوكی فریشتە.

2-گفتو گۆیەك لەگەڵ لاواندا: باوكی محمد.

3-هلمی یاختاه: شیخ فائز العتیبی.

4-چەند وانەیەكی دەروونناسی لە چەند كتێبێكی دەروونناسی.

5-هەشت چیرۆكو هەشت تاوان: نووسەر: صباح ساڵەی.